﴿ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ ﴾

# گەنجانی ئیسلام وا دەژین

ئەنەس عەبدوڵلا ئەحمەد

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com





# ﴿ هكذا يعيش شباب الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

أنس عبد الله أحمد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناوی کتێب: گەنجانی ئیسلام وا دەژین**

**نووسەر: ئەنەس عەبدوڵلا**

**چاپ: یەکەم-ساڵی ١٤٣١کۆچی**

مافی لە چاپدان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ هەموو موسڵمانێک





## پێشکەشە

- ❖ بە هەموو خوشك و برایەکی گەنجی موسڵمان.
- ❖ بەوانەی خوێندکاری خوێندنگەی قورئان و سوننەتن.
- ❖ بە بانگخوازانی ئیسلامی کە ماندوێتی کوڵیان پێ نادات.

## پێشەکی

إن الحمدللّه، نحمده ونستعينه و نستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا، ومن سيئات اعمالنا، من يهده الله فهو المهتد، ومن يظلله فلا هادي له، وأشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

باروودۆخی ئەمڕۆی موسڵمانان، بارێکی پڕ لە پشێوی و قوڕبەسەری وایە کە بە گشتی موسڵمانان لە ژێر ئەو بارە سەختەدا دەناڵێنن و نازانن لە کوێوە بەرەو کوێ هاواربکەن تا دەربازیان بێت.

ئەگەر هاوەڵان ڕۆژانی کۆچی دوایی و وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)بێزارو بێحاڵ بوون کە ئەو ئازیزەیان لە دەست داوە، خۆ مەردانی پێشەوای وەك ئیمامی ئەبوبەکرو عوسمان و عەلی(رضي الله عنهم) و...هتد یان لە نێودا بوو.

ئەگەر موسڵمانان دواتر شین و گریانی دەرونیان بۆ نەبوونی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)بوو لە نێویاندا، خۆ دەسەڵاتی ئیسلامی و زانا گەلێكی وەك حەسەنی بەسری‌و مالیك و شافیعی و ئەحمەد و ئیبن تەیمیەو چەندی تریان لەنێودا مابوون.

ئەی ئەمڕۆی موسڵمانان كە خۆیان بێسەرپەرشت كردووە و بوونەتە چەندین پارچەو دەستەو تاقمە گومڕاكانیش بەسەریاندا زاڵبوون، جیهانی بێباوەڕی بە چەندین جۆرە شالاوی جیاواز هێرشی بۆ هێناون و لێیان دەدا، نەزانی و ئاژاوەو دنیاویستی زۆربەی موسڵمانانی گرتۆتەوە و ئوممەت وەك مەڕی بێ شوانی نێو ڕانەگورگی لێهاتووە.

لەم بارەدا گەنجان ئەو تاكە دەستەیەن كە ئومێدی گەورەیان لێ دەكرێ تا هەڵمەتی مەردانە بنوێنن و جارێكی تر ئوممەتی ئیسلامی سەربخەنەوە.

بەڵام گرفتەكە ئەوەیە گەنجانمان خۆیان برسی و بێخۆراكن، جگە لەوەی ئەركی سەرشانیانە خۆراكی دوو دەستەی تر ئامادە بكەن كە یەكەمیان ئەو بە تەمەن و پیرانەن كە بەرەو ماڵئاوایی دەچن، دەبێ بە پەلە شمەكێكیان بۆ ئامادە بكەن تا بە برسێتی نەڕۆن و توێشویەكیان پێبێت. دووەمیش ئەو منداڵە هەتیو و بێنازانەن كە دەمیان والایە بۆ پاروویەك تا لە برسێتی ڕزگاریان بكات و وزەیان پێبدات تا لەسەرپێ ڕاوەستن، بەڵام چ خۆراكێك؟ خۆراكێك كە بتوانێت بەری دڵ بگرێت.





ئەی ئەگەر لاوەكانمان ئەم ئەركە قورسەیان لە ئەستۆ بێت، دەبێت خۆیان چ خۆراكێكیان پێبێت تا هێندە وزەیان بداتێ بۆ سەرپێخستنەوەی گەلێكی برسی لە ژێر زەبرو زەنگی ئەشكەنجەدا لەبارین.

كاتێ لەم ڕۆژگارەدا سەیری گەنجانی ئوممەتی ئیسلامی دەكەیت، گریان و دڵگرانییەك داتدەگرێت بە جۆرێ دەبینی هەریەكەیان بە لایەكدا دەڕوات و لە شوێنێ بۆخۆی شەن دەكات، یان هەر پاڵی لێداوەتەوە، ئاخۆ دڵگرانیەكە لەوەدایە ئەو گەنجانە كلیلی خەزێنەیەكیان پێیە كە هەرگیز بەبێ هیوایی و برسێتی نایانهێڵێتەوە (قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، كەچی سوودی لێوەرناگرن، ئەوان سەرچاوەی گرنگی سەر پێخستن و هۆشیاری و توانای نەبڕاوە و دڵنیایی و سەركەوتنیان لە خۆ گرتووە، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و هەڵگرانی یەكەمی ئیسلامیش تەنها ئەو سەرچاوەیان پێبوو و توانییان بیكەنە خەڵاتی جیهان و گەلانی پێ بیدار بكەنەوە، بەڵام ئەوان درەختی ئیسلامیان بە ئیمان‌و تەقوا تێرئاو كرد.

گەنجی موسڵمان بە كوڕو كچەوە ئەركی سەر شانیانە دلێرانە لێبنەون و هۆشێكی پتەوی قورئانی وەربگرن كە خۆراكی دڵەكانیان بدات تا بچنە ناو شاری كوێران و دەستی كوێرەكان بگرن و بیانپەڕێننەوە نەك ئەوانیش بڵێن چوویتە ناو شاری كوێران دەست بگرە بە چاوتەوە.

مەگەر هەموو پەیامە خوداییەکان لەسەر دەستی گەنجەکان سەرنەکەوتن؟ دەی بۆچی ئەمڕۆ ئوممەتی ئیسلامی وا داماوو کەساس کەوتووە، خۆ ئەم ئوممەتە گەنجی زۆری هەیە، پەیامەکەشی بەهێزو کامڵە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە گەنجەکانمان یان پاڵیان لێداوەتەوەو لێنەنەویون، یان دەستیان لە سەرچاوەی سەرەکی بەرداوە و لەڕێگەی ترەوە بۆ سەرخستنی ئەم ئایینە دەچن کە بەدڵنیاییەوە ئەوەش نایانگەیەنێتە ئەنجام، وێنەی دۆستێك کە لەتاو سۆزی بۆ هاوڕێ بریندارەکەی ئاوی قەدەغەلێکراوی پێ دەدات، وا دەزانێت تینوێتیەکەی دەشکێنێ بێئاگا لەوەی مەرگی پێ دەنوێنێ.

جا ئەرکی سەرشانی گەنجی موسڵمان ئەوەیە لەسەر ناوی خودا دەست پێبکات و هۆشێکی دروستی قورئانی وەربگرێ و هەوڵی تەواوی خۆی بخاتە گەڕ، ئەو کات ئەنجام لەلای خودای گەورەوە دێت کە دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا ۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ (٤٧) ﴾

ئەم نووسینەی بەردەستی خوێنەران پشت بە خوا سەرەتایەك دەبێت بۆ گۆشکردنی گەنجی موسڵمان لەسەر کۆمەڵێ بنەماو ڕێسای سەرەکی نێو پەیامی ئیسلام، توێشوویەکیشە بۆ هەر گەنجێکی موسڵمان تا لە کوێدا برسی بوو شتێکی لێوەربگرێ و لە برسێتییەکەی کەمبکاتەوە.

لە نووسینەکەدا هەوڵدراوە تا بکرێت پشت بە قورئانی پیرۆزو





سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ببەسترێت و لە سەرچاوەی ڕوونەوە بابەتەکان وەربگیرێن، چونکە بەڕاستی هەر ئەوانەن تینوێتی و برسێتی ناهێڵن، ئوممەتی ئیسلامیش ئەوکات دوچاری برسێتی بوو کە دەستی لە قورئان و سوننەت بەرداو بەرهەمی گەنیوی پڕ زیانی پێش هەنگوین خست.

لە وەرگرتنی فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) زیاتر فەرموودە صەحیحەکان وەرگیراون و بە کەمیش فەرموودەی حەسەنیش بەکارهاتووە، سەبارەت بە فەرموودە لاوازەکان، مەگەر نەمانزانیبێت ئەگەر نا هەوڵدراوە هیچ فەرموودەیەکی لاوازی تێدا بەکار نەهێنرێت و تەنها لە ڕوانگەی صەحیح و حەسەنەکانەوە بڕوانرێتە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

هەندێ جار لەبری دەقی فەرموودەکان ناوەڕۆکی فەرموودەکان خراوەتەڕوو، واتە ئەگەر دەربڕینێك هەبووبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە هەڵگوازراوە (استنباط)ی ئایەتێك یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ)بووە، بەڵام زیاتر هەوڵدراوە دەقەکەش وەك خۆی دابنرێ و دواتر قسەیەکی لەسەر کرابێت.

خوێنەری بەڕێز لەم نوسینەدا ئەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە سادەیی نوسینی بابەتەکە، نیشانەی کەم هەڵگرتنی باسەکان نییە، بەڵکو زۆر لەوە زیاتر لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەمە وەك بەرکوڵ و پوختەیەك وایە تا گەنجی موسڵمان شتێکی لێوە بزانێت و بەو کەمە چێژەوە بەرەو ڕووی بڕوات و لە سەرچاوە گەورەکانەوە

زیاتری لێوەربگرێت.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای گەورە لە تاوانەکانم ببووریٚ و ئەم کارەم بە خێر لێوەربگرێت و بیخاتە تەرازوی چاکەکانم، هەروەها داوام لێیەتی بەکرداری کەمی خۆم بۆم نەڕوانیٚ هەروەك چۆن هەمیشە زیاتر لەوەی پێبەخشیوم کە خۆم چاوەڕێی بووم.

پاشان هیوادارم خوێنەری بەڕێز سودی لێوەربگرێت و هەڵەکان بە دیاری بنێرێتەوە، بێبەشیشم نەکەن لە نزای خێر.

ئەوەی ڕاستە لە خوای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ) وەرگیراوە، هەرچیەکیشی هەڵە بێت لە هەڵەو کەموو کورتی دەروونمەوەیە، خوای گەورە بمانپارێزیٚ لە هەڵەی دەروونمان.

(اللهم لا تكلني إلى نفسي طرفة عين)

ئەنەس عەبدوڵلا





## یەکەم: چیمان دەوێت

ئەمە پرسیارێکە هەر گەنجێکی موسڵمان دەبێت وەڵامەکەی وەربگرێت، کاتیٚ هەنگاو بەرەو وەرگرتنی شەریعەتی ئیسلام دەنێین لە بەجێگەیاندنی ئەم کارەدا چیمان دەوێت ؟ واتە چ ئامانجێکمان هەیە ؟

لە وەڵامدا/ مرۆڤەکان هەردەم بەدوای خۆشگوزەرانی و بەختەوەریدا دەگەڕێن، گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندی بەختەوەریش ئەوەیە ترس و خەموخەفەتی تێدا نەبێت بە جۆرێك کە تاك بێتە دیلی دەستی ئەو دوو خەسڵەتە، دەی کاتیٚ بەرەو شەریعەتی ئیسلام دێین، دەبینین ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ یونس: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾﴾.

ئێمە دەمانەوێت وەڵامی پرسیار گەلێك وەربگرین تا بتوانین لەو سۆنگەوە بەرەو بەختەوەری و حەسانەوە بچین. ژیان چیە؟ بوون چیە؟ مرۆڤ چیە؟ هێزی نادیار چی یە ؟ ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا چی یە؟ لە کاتێکدا کە هەردووکیان هەن و هێزێکی نادیار لەم نێوەندەدا ڕۆڵ دەبینێت. دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە وەربگرین. وەڵامی ئەم پرسیارانەش لە شەریعەتی ئیسلامدا تەنها لە قورئان و سوننەتدا دەستدەکەون، چونکە ئەو دوانە تاکە سەرچاوەن.

**بەکورتی ئێمە دەمانەوێت:**

**یەکەم: خوای خۆمان رازی بکەین، با ئەمە هەر باج و قوربانیەکیشی بوێت، خۆشەویستی خوای گەورەو چاوەروانی بەهەشت مەبەستمانەو خۆچواندنیش بە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان رێرەومانە.**

**دووەم: بەختەوەر بین: بەختەوەریەك کە ئیسلام دیاری کردووە، ئەو چەمکەی زادەی ناو هزری دروستی ئیسلامیە.**

**سێیەم: خۆشەویستانە بژین: چونکە خۆشەویستی پەیامی ئیسلامەو خۆشەویستیش کەسێکی دەوێت بەهایەکی باڵاتر لەماڵ و گیانی لەبەرچاوبێت.**

**چوارەم: پەیامی خوا بگەیەنین: بەڵام بەوجۆرەی کە خۆی داوای لێکردووین نەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت، ئەمەش تا رەحمەت بێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی.**

**پێنجەم: بە جیهان بسەلمێنین ئیسلام پەیامێکی خەیاڵی جێبەجێکراو نیەو رەحمەتێکە بۆ مرۆڤایەتی و چقڵی چاوی گەندەڵکارانیش کوێر دەکات، هەرچەندە باکمان نیە بە بەڵێ و دانپێدانانی ئەوان.**

**ئیسلامیش پەیامێکە سیفەتی کامڵی هەیە، خوای گەورە بڕیاری داوە هەرچییەك مرۆڤایەتی بیەوێت وەریبگرێت یان لێی تێبگات لە قورئان و سوننەتدا هەیە، واتە ئەگەر بۆ دەستکەوتنی نەچینە هیچ شوێنێکی دی ئەوا دەستەوسان نابین، وەك خوای گەورە لە**



گەنجانی ئیسلام وا دەژین ــــــ ئەنەس عەبدوڵڵا

**چەند ئایەتێکی قورئاندا ئاماژە دەکات:**

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ ﴾.

﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ .

﴿ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾.

﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٣٢﴾ ﴾.

﴿ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾.

## دووەم: تەنها قورئان و سوننەت

**موسڵمان کاتێ چەمکی بە هێزی ئیمانی وەرگرت، ئەو کات لە جیهانێکەوە دەچێتە جیهانێکی دی، لە جیهانی تاریکی و گومانەوە دەچێت بەرەو جیهانی ئارامش و دڵنیایی هەروەك ئەو کەسەی لە تاریکی شەودا رێگەیەك ببڕێت ترسی لە چاڵ و دڕك و ناحەزو دڕندە و چەندین شتی تر هەیە، بەڵام کاتێ رۆژی لێ هەڵدێت و ڕوناکی دێت و خەڵکی دەبینێت و بەرچاوڕوون دەبێت ئەوکات ترسی نامێنێت و دڵنیا دەبێت، ئەو کەسەیش کە دێتە نێو ئیمانەوە خوای گەورە بەو شێوە باسی دەکات** ﴿ اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ ۗ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ ﴾ **ئەو کات کەسی باوەردار بەجوانی بەرپێی خۆی دەبینێ** ﴿ أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا

لَهُۥ نُورًا يَمْشِي بِهِۦ فِي ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٖ مِّنْهَاۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾.

بەهەمان جۆر موسڵمان کاتێ دێتە ناو ئیسلامەوە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ سەرچاوەکان دوو دڵ نابێت بەڵکو ئەوەی هەیەتی بریتیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) وەك چۆن خوا داوای کردووە.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت کە لە دوای خۆم قورئان و سوننەتم بۆ بەجێهێشتون(**یا ایها الناس انی قد ترکت فیکم ما ان اعتصمتم به فلن تضلوا ابدا کتاب الله وسنة نبیه**).

خوشك و برای گەنجی موسڵمان، لە ئیسلامدا تاکە سەرچاوەی زانست و ئیمان بریتیە لە قورئان و سوننەت. واتە ئێمە بمانەوێت هەرچیەك بکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو سەرچاوە پیرۆزە ﴿ فَإِن تَنَٰزَعْتُمْ فِي شَيْءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيْرٞ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾.

شتێکی هەڵەیە بڕیارێك بدەین کە لەگەڵ عەقڵماندا بگونجێت لە پێش ئەوەی بڕوانینە قورئان و سوننەت، بەڵکو هەمیشە لە بیرمان بێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ﴿١﴾ ﴾، بۆیە نابێت ڕێبدەین قسەو کردارمان پێش بڕیاری خواو پێغەمبەر(ﷺ) بکەوێت.

بڕیاردان بە دەستی خواو پێغەمبەرە (ﷺ) نەك بەدەستی عەقڵی مرۆڤەکان. قورئان و سوننەت سەرچاوەیەکی گەورەی وان کە





پێنوس و دەریاو درەختەکان ناتوانن بینووسن﴿ قُل لَّوْ كَانَ ٱلْبَحْرُ مِدَادٗا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّي لَنَفِدَ ٱلْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِۦ مَدَدٗا ﴿١٠٩﴾ ﴾بەڵێ موسڵمان لەوسەرچاوە گەورەیەوە زانستی بۆ دێت، بۆیە هیچ کات بۆ موسڵمان نیە لە خۆوە و پێشتر بڕیار لە سەر شتێك بدات، بەڵکو تاکە بڕیاردەرو تاکە سەرچاوە لە ئیسلامدا قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرە(ﷺ).

دەبێت موسڵمان بزانێ کە ئەو سەرچاوە بە جۆرێ وەسفکراوە ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنٗا لِّكُلِّ شَيْءٖ وَهُدٗى وَرَحْمَةٗ وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ هەموو شتەکانی ڕونکردۆتەوەو بە دوورە لە هەڵەو کەموکورتی، هەرچیەکیش پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموێت لەخواوەیەو نابێت لێی دوودڵ بیت ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٞ يُوحَىٰ ﴿٤﴾ ﴾

ئەمڕۆ موسڵمانان جارێکی دی بە ناوی پێشکەوتن یان هەندێ بەناوی دڵسۆزی بۆ ئیسلام یان بەناوی شارەزایی زۆریان لە ئیسلام، هەوڵ دەدەن بەپێی عەقڵی خۆیان (دوور لە هۆشیاریوردیان بۆ دوو سەرچاوەی سەرەکی ئیسلام) لەبارەی ئیسلامو بریارو هزریەوە بدوێن، بێئاگا لەوەی لە ئیسلامدا قورئان و سوننەت سەرچاوەی بڕیارن و بیستن و بینین و دڵیش پێناوی وەرگرتنی ئەو سەرچاوانەن.نەك کانگا یاخود پێوەری سەرچاوەکەبن ﴿ وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ ﴾

﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾

بڕواننە عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) لە ڕێککەوتننامەی حودەیبییەدا کە چەندە تووڕە دەبێت و ناڕازیە و لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ مشتومڕ دەکات.بەڵام کاتێ پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری دەکاتەوە کە بڕیارەکە لە لایەن خواوە دەدرێت، یەکسەر ئیمامی عومەر بێدەنگ دەبێت.

ئازیزان، شەرمەزارییە بۆمان ئەگەر لە بڕیاردانی هەر شتێکدا دەستمان پێش قورئان و سوننەت بخەین، چونکە ئێمە دانمان ناوە بەوەدا کە خوای گەورە لە هەموان زاناترە و پێغەمبەریش (ﷺ) تەنها لە خواوە قسە وەردەگرێت و لێدوانی بە پێی بڕیاری خوا دەبێت.

هەرکەسێك دەیەوێت زانستێك وەربگرێت کە گومانی تێدا نەبێت و نەگۆڕێ و ڕاست و سەرکەوتوو بێت، با بنەوێتە قورئان و سوننەت و هەوڵ بدات بە جوانی و دروستی وەریبگرێت.

## ئەرکی ئێمە لە بەرامبەر قورئان و سوننەتدا:

١- بڕوابوون بە قورئا ن و سوننەت کە ڕاستن و هیچ هەڵە یەکیان تێدا نییە و تاکە سەرچاوەی بڕیاردانن بۆ موسڵمانمان، ئەگەر نا بیروباوەڕمان ناتەواو دەبێت﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾ ﴾.

٢- تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت: لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت کارێکی سەخت نی یە بەڵکو زۆر سادەو بە





تامە، وەك دەبینین هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە سادەیی لەو دوو سەرچاوەیە تێدەگەشتن، بەڵام ئەمڕۆ موسڵمان تەواو لە خۆی ئاڵۆز کردووەو بە سەدان نوسینی لەسەر دەخوێنێتەوە کەچی هێشتا لێی تێناگات، چونکە موسڵمانی ئەمڕۆ بە چاوەکانی ئیش لەسەر کاغەز و نووسین و دێڕەکان دەکات، بەڵام ئێمە دەبێت بە دڵو گیان و جەستەمانەوە کار لەسەر واتای ئەو سەرچاوانە بکەین، ئەوکات زوو لێیان تێدەگەین وەك خوا دەفەرموێت (واتقوا الله ويعلمكم الله).

بەڵام ئەمە واتای داخستنی بیرمان نیە، وەك ئیمامی ئیبن تەیمیە لەو بارەیەوە نووسینێکی هەیە( درء تعارض العقل والنقل)، بەڵکو مەبەستمانە لە سۆنگەی سەرچاوەکانەوە(قورئان و سوننەت) هۆشمان بخەینەکار، چونکە دڵنیاین ڕاستترین وتە و پەیامن.

تێگەیشتن لە قورئان لەڕێگەی سەرچاوەکانی تەفسیر و تێگەیشتن لە فەرموودە لە ڕێگەی سەرچاوەکانی شەرحی فەرموودەوە دەبێت، بۆ ئەمەش دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەگەلێکی زۆر. لەوانەش:

٣- جێبەجێکردنی قورئان و سوننەت:

ئەمەش بەو واتایەی چی لەو دوو سەرچاوەیە بە جوانی تێگەیشتین جێبەجێی بکەین، نەك تەنها زانینێك بێت لە دڵەکاندا و دەرگای لەسەر دابخرێت ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾

ئەمە زۆر ترسناکە و سزای سەختی خوای لەسەرە. بەڵام بەجێگەیاندنی سەرفرازی هەردوو دنیایە.

٤- گەیاندنی قورئان و سوننەت:

دوای ئەوەی سێ هەنگاوی پێشترمان نا، هەنگاوی چوارەم دێت کە بریتیە لەوەی چیمان لە بارەی قورئان و سوننەتەوە زانی بە پێی شێوەی داواکراوی خوایی بە خەڵکانی تری بگەیەنین، چونکە ئەمەیش ئەرکی سەرشانمانە (بلغوا عنی ولو بآیة).بەڵام وەك خۆی بیگەیەنین،(نضر الله امرا سمع منا شیئا فبلغه کما سمع، فرب مبلغ اوعی من سامع).

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت (خیرکم من تعلّم القرآن و علّمه).

خوای گەورەش باسی ئەو کەسانە دەکات کە زانست و زانیاری وەردەگرن و بە خەڵکانی تری نابەخشن، دەفەرموێت ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩ ﴾.

هەروەها لە بارەیانەوە دەفەرموێت ﴿ وَلَمَّا جَآءَهُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٞ لِّمَا مَعَهُمۡ نَبَذَ فَرِيقٞ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمۡ كَأَنَّهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٠١ ﴾.

جا خوشك و برای موسڵمان، ئەگەر بمانەوێت لەگەڵ خودا ڕاست بکەین، دەبێت هەر بڕیارێکی قورئان و سوننەتمان بیست بڵێین (سمعنا وأطعنا) ویەکسەر ئەو چوار هەنگاوەی پێشوو





جێبەجێ بکەین.

بیریشمان نەچێت هەموو ناحەزان و دوژمنان لەسەر ئەو دوو سەرچاوەیە جەنگمان لەگەڵدا دەکەن، دەی با ئێمەش بە دروستی دەستیان پێوە بگرین، چونکە خوای گەورە بەڵێن و بڕیاری سەرکەوتنی پێبەخشیوین با ئەوسەرکەوتنەش ماوەیەك لە خواستی پەلەی ئێمە دوابکەوێت.

### سەرەنجام:

ئەوکەسانەی خۆیان دەدەنە دەست بڕیاری قورئان و سوننەت، دەکەونە بەر بەخشش و ڕۆزی خوای گەورە﴿ وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا ٣١ ﴾.

هاوکات تا پەیوەستی ئەو دوانەبن و دەستی لێبەرنەدەن، گومرا نابن و حەقیقەت دەپێکن وەك چۆن لەفەرمودەدا هاتووە.

بەڵام ئەوانەی خۆیان بڕیاردەرن و دەستیان لە قورئان و سوننەت بەرداوە سزای دوا ڕۆژ و پەشیمانی دەبێتە بەشیان ﴿ يَوۡمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ٦٦ ﴾

## سێیەم: باوەڕدار شکست ناخوات

زۆر جار لە دەم بێئاگایانەوە ئەو قسە دەبیستریٚ کە دەڵێن دانیشە تۆ چیت پێدەکرێت، ناتوانیت سەرکەویت بەڵکو شکست دەخۆیت، ئایا ئەم وتەیە جێی سەرسوڕمان نی یە بۆ کەسی

باوەڕدار ؟!!! باوەڕدار بە ڕێبازێك ئیش دەكات كە كەموكورتی و ناتەواوی تێدا نی یە ﴿ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾.

بەرنامەیەكی پێیە لە بەردەم هیچ ئاستەنگێكدا ناوەستێت و ڕونكردنەوەی خۆی هەیە ﴿وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى﴾.

باوەڕێكی پێیە كە كەس دەستی پێیناگات تا بەزۆر لێی بسەنێت، وەك ئەو سامانە نییە كە چەند دزو جەردەیەك بتوانن لەدەست خاوەنەكەی بستێنن، بەڵكو باوەڕێكە دەروونەكان دەیگرنە خۆ و پەنای دەدەن تا پێی بحەسێنەوە، تەنانەت ئەگەریش فشاری جەستەیی خرایە سەر، ئەوا دووبارە دەیشارنەوە و نایەڵن ئەو بەخششە گەورە لە دەست بچێت﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾خوایەكی هەیە كە دروستكەری هەموو شتەكانە و لەو بالاَترنی یە، هیچ كات لێمان دورناكەوێتەوە، لە هەموو كەس لێمان نزیكترە،

لە توانایدایە چی فێڵ و تەڵەو بەزم هەیە هەڵیان بوەشێنێتەوە ﴿ وَمَكَرُوا۟ وَمَكَرَ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ سەربازانێكی خوا لەگەڵ موسڵماناندان كە لەفرمانی خوایەك دەرناچن كە بەندەكانی خۆی خۆشدەوێت، ئەوانە سەربازانێكن خوای گەورە دەیاننێرێت بۆ یارمەتی باوەڕدار دەی دەرفەت لەدەست مەدە.

شمشێرو چەك و پێنوس و زمان و زانستێكیان پێیە كە بەها و





كرۆكەكەی لە خوای گەورەوەیەو لە توانای بەرتەسكی مرۆڤایەتیدا خۆی نابینێتەوە ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ ۚ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ ۚ﴾

موسڵمانان ڕێبازی كەسانێكیان گرتۆتەبەر كە مەردی مەیدان بوون و بوونەتە مامۆستای مرۆڤایەتی و ڕێبازی ژیانیان بەرەو چاكەو چاكەخوازی گۆڕیوە و هەردەم دروشمیان بووە ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا ٱلْإِصْلَٰحَ مَا ٱسْتَطَعْتُ ۚ وَمَا تَوْفِيقِىٓ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ﴾

لە پێناو ئەو كارەشیاندا لەكەس ناترسن و تەنها خوایان لەیادە﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ ۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٣٩﴾ ﴾

با هەموو دونیاش بیانداتە بەر نەشتەری نەفامی و گاڵتە جاڕی خۆیان، ئەوان هیچ گوێی پی ٘نادەن﴿ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ﴾

بەڵكو هەموو جارێك بە بینینی ئەو هەڵوێستانە دنیاو نەیارانیان لەبەرچاودا بچوك دەبێتەوەو هاواردەكەن ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ ﴾

كەسانێك كە گوێیان نەداوە بە ژمارەو چەندێتی، وەك ئەوەی هەندێكیان تەنها چەند كەسێك هەبوون باوەڕیان پێبكەن، كەسانێك ئەوەی لایان گرنگ بوو بریتیبوو لە باوەڕ و ئیمان با لەژمارەشدا زۆر كەم بن ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ ﴾ بەڵام ئەوان مەرجی بنەڕەتییان لا گرنگبوو كە بریتیبوو لەوەی خوایان لەبیربێت و خوا

یارمەتییان بدات. چونکە ئەو کەسە هەڵکەوتەو نەبەردانە کە گیان و ماڵ و لەشیان دەکردە قوربانی بۆ خوا، چاوەڕێی دیداری پەروەردگاریان بوون، خۆشەویستی خوا لایان لەسەرو هەموو خۆشەویستیەکەوەبووە، ﴿ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَأَنَّهُمۡ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾ دەی بەدڵنیاییەوە خوای گەورەش حەز بە دیداری کەسانی وادەکات، وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت ( من أحب لقاءالله أحب الله لقائه) مرۆڤی باوەڕدار کەسێك پێشەنگیەتی کە خوای گەورە وەسفی دەکات ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ﴿٤﴾ ﴾ پاشان داوا لەموسڵمانان دەکات بیکەنە پێشەنگی خۆیان ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ﴿٢١﴾ ﴾.

بۆیە هەر کەسێ وەك ئەو پێشەنگە بە بڕیاری خوایی بجوڵێتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەبێتەمامۆستایەك بۆ دەوروبەری خۆی ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ ﴾، مەگەر نەمانبیستووەو نەمانخوێندوەتەوە کە لە گەرمەی گەمارۆی مەدینەدا پێغەمبەر(ﷺ) مزگێنی دا بە فەتحی فارس و رۆم، یان شەڕی موسڵمانان لە عەین جالووت بە ژمارەی کەمی موسڵمانانەوە کەچی موجاهیدان ترسیان نەبوو، ئەمڕۆیش هەمان بارە، بەڵام مەردی وایشی دەوێت.

بۆیە موسڵمان ترس و سامی تەنها لە خوای گەورەیە نەك خوای





گەورە لەخۆیان برەنجێنن.

پێغەمبەری ئازیزمان ترسی لەوە نەبوو کە شەهید بێت و پەیامەکەی تەواو نەبێت. چونکە سەرخستنی پەیامی خوا بەدەست موسڵمان نیە، بەڵکو موسڵمان ئیشی ئەوەیە لە قورئان و سوننەتدا چ فەرمانێکی پێکراوە ئەوە بکات، ئیتر سەرکەوتن بەدەست دێت یان نا ئەوە ویستی خوای گەورە خۆیەتی.هەرچەندە گومان دەبێت بەڵام گومان لە کاتی هاتنی سەرکەوتنە نەك لە خودی سەرکەوتن، دەبینین تەنانەت پێغەمبەرانی خوایش جارجارێك گومانی بۆپەیدا دەبوو ئایا کەی سەرکەوتن دێت؟ کوا سەرکەوتن ئەگەر بڕیارە سەربکەوین؟ ﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ﴿٢١٤﴾ ﴾.

کەی لە بەرنامەی خوادا بڕیارە مرۆڤەکان خوا بخەنە بەر بەرپرسیارێتی؟ ئەنجامی کارەکان کەی بەدەستی مرۆڤەکانە؟ بەڵکو هەردەم دڵنیاین خوامان لە پشتەو خوای گەورە چاکمان دێنێتە ڕێ، موسڵمان لە کارکردنیدا بۆ پەیامی خوایی دوو سەرەنجامی دێتە ڕێ کە بریتیە لە سەرکەوتن یان شەهیدی ﴿ قُلۡ هَلۡ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحۡدَى ٱلۡحُسۡنَيَيۡنِۖ ﴾.

ئەی بۆچی موسڵمانان لە بەردەم هێزی دوژمندا شکستدەخۆن ؟بۆچی پێغەمبەران سەربڕاون یان کوژراون ؟سەرکەوتن لە چیدایە ئەگەر دوژمن توانی بتکوژێت؟

نەخێر پێغەمبەران و موسڵمانان لەناو ناچن، بەڵکو دەچنەوە بۆلای خواو ئەرکەکەی خۆیان بەجێگەیاندووە، کاتێك پەیامەکەیان لەدوای خۆیان سەرکەوت، ئەوە سەرکەوتنی ئەوانیشە، ئەگەر پێغەمبەرانی وەك یەحیاو زەکەریا شەهید کران، ئەگەر ئیبراهیم پێغەمبەر خرایە ناو ئاگر، ئەگەر عیسا پێغەمبەر دژایەتی کرا، ئەگەر پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ)بەردباران کرا و پیسی کرا بەسەرجەستەی پیرۆزیدا، ئەوا ئەمرۆژە بە ملیۆنەها کەس بانگەوازەکەیان سەردەخەن و کاری بۆ دەکەن و بەڵێیان بۆدەکەن و حوکمی چواردە سەدەی ئیسلامی لە جیاتی بەردبارانێك دێتە دی. بۆیە با دڵنیابین سەرکەوتن بەشی ئێمەیە و هەردەم لە لایەن خوای گەورەوە ئەو بەڵێنە دراوە ﴿ وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾.

## چوارەم: شەیتان تاکە دوژمنە

کاتێ خوای گەورە پێغەمبەر ئادەمی دروستدەکرد، شەیتان جنۆکەیەك بووو(إلا إبليس كان من الجن) سەرقاڵبوو بە جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورەوە. چونکە شەیتان لەلایەن خوای گەورەوە بەرز کرابوویەوە بۆنێو فریشتەکان و لەبەر بەهێزی ئیمانەکەی لە ڕیزی ئەواندا بوو.

شەیتان چوبووە ڕیزی دروستکراوانێك کە لە فەرمانی خوا دەرناچن﴿ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴿٦﴾ ﴾.

کاتێ خوای گەورە مرۆڤی دروستکرد، لە ڕۆحی خۆی کرد





بەبەریدا، ئەوکات فەرمانی بە فریشتەکان و شەیتان کرد تا کڕنوشی ڕێز بۆ ئادەم ببەن ﴿ وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ ﴾ تا ئەو کاتەش شەیتان هێشتا لە ڕیزی فریشتەکاندایەو بەرزو بەڕێزە وەك ئەوان حیسابی بۆ دەکرێت. بەڵام کاتێك شتێك کە زۆربەی مرۆڤەکان بە بچوکی دەزانن دێتە ڕێی شەیتان کە بریتی یە لە (کبر) خۆبەزلزانین، پایەی شەیتان دەگۆڕێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾.

لەوکاتەوە شەیتان دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤەکاندا ڕادەگەیەنێت(لّحتنكنهم أجمعين) لەو لێدوانەدا چوار خاوەن وتەی تێدابوو:

١- خودای گەورە کە تاکە بڕیاردەر و زانابوو، نابێت فەرمایشتو زاتی بەرزو بەڕێزی بخەینە ریزی ئەوانەوە.

٢- شەیتان کە جنۆکە بوو و لەگەڵ بێدەسەڵاتیەکەیدا سەرکەشی ڕووی تێکرد.

٣- فریشتەکان کە دروستکراوی گوێڕایەڵی خودا بوون و شایەتی بارەکە بوون.

٤- ئادەم (عليه السلام) (مرۆڤ) کە دروستکراوی نوێی خودایەو لە نێوان چاکەو خراپەدایە و سەرەتای ژیانیەتی، ئەو لەلایەن خوداوە بڕێك زانیاری پێدراوە﴿ وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٥﴾ ﴾.

کەواتە مرۆڤ یەکەم ئاشنا بوونیەتی بەو لایەنانە، ئەو کات

شەیتان داوای موڵەتی مانەوە لە خودا دەكات تا لەگەڵ ئەم دروستكراوە نوێیەی خوادا كە مرۆڤە جەنگ بكات. شەیتان دەڵێـــــت ﴿ رَبِّ بِمَآ أَغْوَيْتَنِى لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ ﴾.
خوای گەورەش ئادەم ئاگادار دەكاتەوە كە ئاگاداری ئەوە بەو بزانە شەیتان دوژمنتە﴿ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ ﴾.

بەڵێ، خوای گەورە تەنها شەیتان دەناسێنێ بە ئادەم كە دوژمنی بێت، چونكە دوژمنانی تری مرۆڤ لەسەرچاوەی دوژمنایەتیەكەوە پەیدا دەبن كە شەیتانەو وەك پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە بەوە دەكات شەیتان سەربازگەلی زۆری هەیە، سەربازگەلی جنۆكەو مرۆڤیش(من الجنه والناس).

براو خوشكی موسڵمان! شەیتان لە تێڕوانینی ئیسلامەوە تەنها دروستكراوێكی خودایە، ئەو لە بەرامبەر بڕیاری خوداییدا لاوازو كەمدەسەڵاتە﴿ إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ ﴾.
بەڵكو ئەگەر مرۆڤ ئەو بڕیارە خوداییانەی وەرگرت و بەوانە جوڵایەوە، ئەوا شەیتان هەرگیز ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت ﴿ إِنَّ عِبَادِى لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنٌ إِلَّا مَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾ بەڵكو بەندەكانی خودای گەورە شەیتان شكست پێ دەدەن.

بەڵێ دوژمنی سەرسەختی مرۆڤەكان كەسێكە كە سەرەتا باوەڕدارترین دروستكراوی نیمچە موخەییەر بووە، دەی دەبێت وریا بین ناتوانین چاری بكەین ئەگەر تەنهاو تەنها پابەند بوونمان بەبڕیاری خوای گەورەوە نەبێت. چونكە ئەو





هەموو نهێنییەكانی ئێمە لە بارەی ئیمانەوە دەزانێت لە بەر پێشینەی خۆی خراپەكانی ئێستای خۆیشی دەزانێت، ئێمەش خراپەكانی ئەو نازانین تەنها بە یەكێك لەم دوو ڕێگەیە نەبێت:

١- چوونە نێو بازنەی خراپەكانی ئەوەوە تا بیزانین، ئەوكات ئێمەش دەبینە سەربازێكی شەیتانو لە بازنەی ئیمان دەردەچین.

٢- پابەند بوون بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری و بڕیارەكانی پەروەردگارەوە كە بە هۆیەوە سەردەكەوین﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾.

## پێنجەم: دەوڵەتی قورئان

ئەمە ئەو چەمكەیە كە باوەڕدار بە بیستنی دڵشادو خۆشحاڵ دەبێت، تامەزرۆیە چێژی ئەو چەمكە وەربگرێت و تیایدا بحەسێتەوە با تەنانەت ساتێكی كەمی تەمەنیشی بێت، تەنانەت ئەگەر بوارە مادییەكەشی لاواز بێت.

بەڵێ هەموومان حەزدەكەین لە كۆمەڵگەو وڵاتێكدا بین كە قورئان فەرمانڕەوایی بكات، ئەوكات دڵەكان ئارام دەگرن، چاوەكان دەگەشێنەوەو جەستەكان دەحەسێنەوەو دەروونەكان دەبووژێنەوە، بەڵام ئەوەی نامۆیە موسڵمانان دوچاری خەیاڵ پلاوی بون یان خۆیان گێل دەكەن یان هەژارانە لەبەر تەمبەڵی خۆیان سەریان لێشێواوە، با بچینەوە

سەر وەختی ئەو دەستە یەکەمەی کە دەوڵەتی قورئانیان دامەزراندو ژیانی نێو ئەو دەوڵەتەیان بۆ ئێمە خستەڕوو تا لە ڕێگەی ئەوانەوە چێژی بزانین، ئایا ئەوانە چۆن دەوڵەتیان دامەزراند؟

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە یەکەمین دامەزرێنەرانی دەوڵەتی قورئان بوون، یەکەم دەوڵەتیان لە دڵەکاندا دامەزراند پێش ئەوەی لەسەر زەویدا بنیادی بنێن، چونکە ئەوانە لە قورئانەوە دەچوون بۆ قورئان، پێغەمبەر (ﷺ) باسمان بۆ دەکات چۆن دەوڵەتی قورئان دابمەزرێنین و دەفەرموێت (ألا إن في الجسد لمضغة لو صلحت لصلح الجسد كله....ألا وهي القلب).

دڵ پایتەختی مرۆڤەکانە بە جیهانی ڕۆح و جەستەوە.

ئایا مرۆڤێك ئەگەر نەتوانێ دەوڵەتی قورئان لە دڵیدا دابمەزرێنێ و دوژمنی لێ دەربکات،چون دەتوانێت سەدان دڵی جیاواز ئازاد بکات.

ئەگەر موسڵمان ئەو دەوڵەتەی دامەزراند ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانێت هەوڵ بخاتە گەڕ بۆ دەوڵەتی گەورەی قورئانی، ئەگەر نا ڕەنجی بێبەر دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ)یەکەم کەس بوو ئەو دەوڵەتەی دامەزراند، وەك دایکمان عائیشە دەفەرموێت (کان خلقة القرآن) ئەو دەسەڵاتدارانە ئەمە سیفەتیان بوو ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ





﴿٢٩﴾ نەك کەسانێك بن دڵەکانیان قوفڵ درابن ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾

موسڵمان دەبێت بزانێت لە فەتحی دڵەکانەوە بچێت بۆ دەوڵەتی قورئان، چونکە تا سەربازگەلێکی ڕاست و دروست نەبن لێنەون بۆ ئیسلام و ماڵو گیانیان لەو پێناوەدا دابنێن، چۆن ئەو دەوڵەتە دێتەدی؟

لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی کە بنیاتنانی دەوڵەتی قورئانە شەو و ڕۆژی بخاتە سەریەك.

لە دەوڵەتی قورئاندا تاکە فەرمانکەرو بڕیاردەر خوای گەورەیە، پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرو گەیەنەری فەرمانەکانەو سەرکردەی باوەڕدارانیش جێبەجێکاریەتی، دەی بزانین دەتوانین ئەم دەوڵەتە لە دڵەکانماندا دابمەزرێنین؟

خوای گەورە فەرمان و بڕیاری بە دەستە کە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەمان پێ دەگەیەنن، پێغەمبەر (ﷺ) بە وتەو کردەی دروستی خۆی ئەو فەرمان و بڕیارانەمان پێدەگەنێت، ئەو کات پێویستی بە سەرکردەیەکە بۆ جێبەجێکردنی کە ئەویش دەبێت خۆمان بین، دەبێت هەوڵ بدەین ببینە سەرکردەیەکی ئەو دەوڵەتە و زاڵبین بەسەر نەیار و دوژمناندا و فەتحێکی گەورەی یەکجارەکی بەدی بهێنین کە بەدوایدا پشت بە خوا فەتحی گەورەی بەدوادا بێت کە

پەرەدانـە بـەو جیهانـە پـڕ خێـرو بەرەکەتـەی ئـەمڕۆ چـرای ڕووناکیەکەی لە کوژانەوەدایە.

## شەشەم: لۆمەی لۆمەکاران نەتترسێنێ

زۆرن ئـەو موسـڵمانانەی بەرچـاوی خۆیـان زیـاتر نـابینن و دنیای پانو بەرینیان لـە بەر چاودا تەسك بۆتـەوە. پێدەچێت ئەو قسەیە لای هەندێك کەس جێی سەرسوڕمان بێت کە چۆن موسڵمان وای بەسەر دێت؟ زۆر موسڵمان هـەن کـاتێ لـە کـۆڕێ یان کۆڕبەندێکدا ئامادە دەبن، گەورەو بچوکیان لێ تێکدەچێت، بڕیار لە دژی خودای گەورە دەدرێت بەڵام ئەوان بێدەنگ دەبن چونکە پێی دەوترێت گەورەتر لـە تـۆ دانیشتووە یـان خـەڵکی زیاتر لە تۆ ئەو کارە دەکەن یان هەر بیانوویەکی تر.

کەچـی ئـەو گەنجـە بیری چووە کـە گـەورەترینی ئـەو کـۆڕە خوای گەورەیە، چونکە خـوای گـەورە لـە هـەموومان گـەورەترە، لە هەموان ڕاستتر و شارەزاترە، بۆیە شیاوە بڕیار و ڕێـزی ئەو لە پێشتر بێت.

کەسـی بێڕێـز و ڕێزنـەگر ئـەوە نیـە کـە ڕێـزی هەڵـەی لـەخۆ گـەورەترەکانی نـەگرێت، بـەڵکو بێڕێـز و ڕێزنـەگر ئەوەیـە لەبەر ڕێزی مرۆڤ و دروستکراوەکان ڕێزی گەورەتری هـەموان نـاگرێ کە خودایە.

بیرت نەچێت هیچکات لە لۆمەی لۆمە کاران نەترسی، چونکە خوای گـەورە ئـەو شـەرەفە گـەورەت پیدەبەخشێت ((لا یخـافون





لومة لائم))

دڵنیابە ئەگەر لەبەر خودا کەسێکت خۆش بوێت یـان کەسـێك بڕەنجێنی ئەوا خوا لە خۆت ڕازی دەکـەیت ارجلان تحابا فی الله اجتمعا علیه و تفرقا علیه) لەمەشدا خوا پشت و پەناتە.

با بڕوانینە ژیانی پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) کاتێك دەیـەوێت باسی ئیسرا و میعراج بۆ خـەڵکی مەککە بکات، موسڵمانانێك داوای لێدەکەن تا باسی نەکات چونکە ئەو خەڵکە گاڵتـەی پـێ دەکـەن، بـەڵام ئـەو ئازیزەمـان سـوێند دەخـوات کە هـەر دەبێـت باسی بکات.

لای پێغەمبـــەرﷺ شـــتێکی ئاســـاییە پێـــی بوترێـــت (شێت،جادوگەر، نەزان، درۆزن، کاهین، شاعیر...)تا ئەو کاتەی لەبـەر خـودای گـەورە پێـی بـوترێ، چـونکە لۆمـەی خـودا زۆر سەختره لە لۆمەی خەڵکان.

کەمتەرخەمیە بۆ موسڵمان کە لەبەر لۆمەی دروستکراو واز لـە بڕیاری کەسێك بهێنێ کە هەموو شتێ بە دەستی ئەوە. بـەڵکو مەردانە قۆڵی لێهەڵکەو ئەو ئەرکە بەجێبهێنە تا پاداشتی سـەد شەهیدی ڕێگەی خودای گەورەت هەبێت.

برای ئازیزم، خوشکی بەڕێزم: بڕوانـە بـۆ ئەوانـەی ماوەیـەکی کـەمی ژیـان لەبـەر خـودا لۆمـە کران، ئەوانـە هـەموویان چوون، بـەڵام ئـەمڕۆ لـە جیـاتی لۆمـەکردن بـە بـەڕێزو گـەورە سـەیر دەکرێن و نزای خێریان بۆ دەکرێت و کراونەتە نمونەی ژیان،

چونکە بڕیاری خوای گەورەیە ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا ۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ (٤٧) ﴾.

دڵنیابە تا لە لۆمە بترسین لە شوێنی خۆماندا پێش ناکەوین، هەرکات خودامان بەتاکە پەروەردگارو بڕیاردەر دانا، ئەو کات دەتوانین هەنگاو بەرەو پێش بنێین و سەربکەوین، چونکە ئەوەی لە لۆمە بترسێ کۆمەڵگە دەیگۆڕێت، ئەوەی گوێ بە لۆمە نەدات بارودۆخ دەگۆڕێت.

## حەوتەم: ڕۆزی لە کوێ یە ؟

ئەو پرسیارە کاتێك لە مرۆڤەکان دەکرێت، یەکسەر دوو وەلامی جیاوازی دەبێت؟ کۆمەڵێك دەڵێن: ڕۆزی لە هەوڵی مرۆڤەکانەوە بەدەست دەکەوێت چونکە مرۆڤ سازێنەرە، کۆمەڵێکی تر دەڵێن: ڕۆزی لای خوای گەورەوەیە و خوا ڕۆزیدەرە.

بەڵێ دڵنیاین وەلامی دووەم دروستە بە مەرجێ لەجیهانی کرداریدا نیشانی بدەین، نەك قسەی سەر زارەکان بێت، چونکە زۆر جێی سەرسوڕمانە خوای گەورە دەفەرموێت﴿ وَفِي السَّمَاءِ رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ (٢٢) ﴾ کەچی مرۆڤەکان لە زەویدا بۆ ڕۆزی و دەستکەوت دەگەڕێن، واتە خوا لەبیر دەکەن و چاو لە مرۆڤەکانیتر دەکەن و بەس. موسڵمان دەبێت دڵنیا بێت کە ڕۆزیەکەی لە لای خودایەو بە دەستی خودایە، کەس ناتوانێت





دەستی لێبدات نەکەمی بکات، نە زیادی بکات(اعلم ان الأمة لو اجتمعوا على...).

خوای گەورەش خۆی دەزانێت چەندێك ڕۆزی باشە بۆمان ئەوەندەمان پێدەبەخشێت نەك ئەوەندەی کە ئارەزووی دەرونمان دەیەوێت، بەڵام ئەمە دڵێکی دەوێت لێی تێبگات و بڕوای پێهەبێت.

بڕیاری خوای گەورەیە هەر کەسێ بۆ خوای گەورە بژێت و لەبەر خودا هەنگاو بنێت، ئەوا خوای گەورەش ڕۆزی بۆ دەنێرێت، ﴿ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ ۚ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (٣) ﴾ بەمەرجێ دڵنیابێت سەرچاوەی ڕۆزی لای خودایە، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتەڕێ، ئایا دابنیشین ڕۆزیمان بۆ دێت؟ ئەوکات لە وەلامدا دەبێت بزانین (توکل و تواکل) پشت بەستن و پشتوێن لێکردنەوە لەیەکتر جیان، خودای گەورە پشتبەستنی دەوێت، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بۆ ڕۆزی وەرگرتن هۆکارەکە بخەینەکار، ئیدی ڕۆزیەکە چەندو چۆن وەردەگرین ئەوەیان کاری خودایە، ئێمە دەزانین خوای گەورە هیچ ستەمێك ناکات﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ﴾.

بەڵکو میهرەبانو بەخشەرە بێئەوەی سودی بۆخۆی هەبێت ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ (٦) ﴾.

باسەیرێکی ژیانی مەریەم بکەین، خەڵکی وای داناوە کچێکی کەمتواناو لاوازە، دەبێت چاوەڕێی دەستی مرۆڤێك بکات تا

ژانە سکێتی و برسێتیەکەی نەمێنێت، بەڵام خودای گەورە ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ڕۆزیدەرو فریادڕەس (اللــه)یە، خودای گەورە ڕۆزی دەنێرێت بۆ مەریەم ﴿ فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا ۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا ﴾ بە جۆرێك زەکەریا علیه السلام کە پێغەمبەری خودایە سەری سوڕدەمێنێت و دە پرسێت ﴿ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا ﴾ ئەویش وەڵام دەداتەوە ﴿ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾ ﴾ با لەمەوە ئەو وانەیە فێر بین ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾ ئیتر وانەزانین ڕۆزیمان لەدەستی مرۆڤەکانە، بەڵکو دروستکەری مرۆڤەکانە کە ڕۆزی مرۆڤەکان دەدات.

زۆر گەنجی موسڵمان هەن ترسی هاوسەرگیرییان هەیە و دەڵێن کێ دەڵێت بژین و ڕۆزیمان دەبێت؟ ئاخۆ کام هاوەڵ و زاناو پیاوچاکی موسڵمان لەوە ترساوە؟ هەمووشیان بە جوانترین و بەختەوەرانەترین شێوە ژیان، بەڵکو ئەو ترسە لە شەیتانەوەیە و خوای گەورە مۆژدەی لێبوردن و فەزڵی خۆی و دەوڵەمەندکردنیان دەدات ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ ﴾ تۆی گەنجیش سەربەستی لەوەی یەکێ لەو دوو بەڵێنە هەڵبژێریت، بەڵێنی دوژمنەکەت یان بەڵێنی دروستکەرەکەت.

زۆر کەس بۆ ڕاکەڕاکی دنیایی گیانی خۆی دانا یان





باوەڕەکەی خۆی فەوتاند، بێئاگا لەوەی دنیا جێی دانیشتن نیەو جێی پشتگوێ خستنیش نیە، بەڵکو جێی چاندنە بۆ ڕۆژێك کە تەنها بڕیار بۆ خوایەو بەس.

## هەشتەم: بڕوانینە ژیانی پێغەمبەر(ﷺ)

گەنجی موسڵمان دەبێت چی بڵێت بەرامبەر بە قسەو تێڕامان لە ژیانی کەسێك کە خودا لە بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾.

هەر بەو هۆکارەیشەوە خودای گەورە پایەو ڕێزی بەرزتر دەکاتەوە و دەفەرموێت ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾ ﴾.

دەبێت مرۆڤ چۆن بڕوانێتە کەسێك دوژمنەکەی دان بە گەورەیی و بەهێزییەکەیدا بنێت و سەرسوڕماو بێت، دەبێت موحەممەدێکی نێو بیابانی عەرەب چی بێت پشکێکی گەورەی جیهان بەرێت بۆ خۆی و شارستانیەتێك بنیاد بنێت کە لە ناوچونی بۆنیە؟ بۆچی ئەو کەسە هێندە زوو و بە پەلە و بەهێزانە خۆی نواند؟ئەگەر ڕاستی پەیامی خواو پرشنگی نووری حەقیقەت ئەو ئازیزەی دانەگرتبێت.

یان چی دەڵێیت لەبارەی کەسێکەوە کە دەوروبەر و هاوەڵانی ڕێگە نەدەن ئاوی دەستنوێژی بکەوێتە سەر زەوی و ماڵو گیان و دایك و باوکی بۆ بە قوربان بکەن و لە پێناویدا ماڵ و شار بەجێبهێڵن، خەو لە چاوان بتۆرێنن، بۆ قسەیەکی ولاّتە و ولاّت

بکەن و لەسەر دەقێکی گیانیان لە بەرامبەریدا دابنێن و بە مەرگیشی کۆستی گەورەیان بکەوێت و مەرگیان پێخۆش بێت.

دەی با چاوێك بگێڕینەوە بە ژیانی ئەو سەروەرەدا و دڵی ڕاکێشینە ئەو مەیدانە تا بزانین پێشەنگی ئەو سەروەرە لە کوێدا و چۆن وەربگرین هەتا ئەگەر لەگەڵ جەستەی پیرۆزیدا ژیانمان نەبردە سەر ساتێ لەگەڵ هەناسەو هەنگاوەکانیدا بژین.

لێرەدا تەنها باس لە پێنج بواری سەرەکی ژیانی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) دەکەین و درێژەی ژیانەکەی بۆخوێنەر بەجێدەهێڵین:

١- پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە خوای گەورە.
٢- پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە بێباوەڕانەوە.
٣- پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە موسڵمانانەوە.
٤- پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە خێزان و خزم و نزیکانیەوە.
٥- پێغەمبەر (ﷺ) و دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ ئیسلام.

ئەم پێنج بوارەی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بوارە گەورەکانی ژیانی ئەو ئازیزە دەگرنەوە. ئێمەش پێویستە ئەو بوارانەی ژیانی خۆمان بزانین و بەراوردێکی بکەین لەگەڵ ئەو سەروەرەدا و هەوڵی چاککردنیان بدەین، لە ژیانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەمانە فێر دەبین بەمەرجێ بەو جۆرە بچینە خزمەتی کە پەندی لێوەربگرین، نەك





بەشێوەی مامۆستایەك بچین کە سەردانی خوێندنگەیەك دەکات، واتە پێشتر بڕیاری نەگۆڕانمان نەدابێت، بەڵکو بڕیارمان دابێت لە ژیانی ئەو ئازیزەوە بڕیاری کۆتایی بدەین تا ڕێبازەکەی بگرینەبەرو لەوێوە هەنگاوی یەکەم بنێین.

### ١-پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە خودای گەورەوە (ژیانی شەخسی پێغەمبەر (ﷺ):

لە پێش پێغەمبەرایەتیەکەیدا بە دوای خوای گەورەدا دەگەڕا، بۆیە دەچوویە ئەشکەوتی حرء تا لە کاریگەری مرۆڤە لاسارەکان بەدووربێت، بە ڵکو بەدڵ وهۆش لەگەڵ بووندا دەدوا.

پاشان کە دەبێتە پێغەمبەر، بە نەخوێندەواری و بە تەنهایی و لە نێو جەرگەی نەزانیدا ئامادەیە بڕیاری گۆڕینی هەموو جیهان بۆ هەمیشەیی بدات بەمەرجێك خودای لەگەڵدا بێت و بەس.

پێغەمبەر (ﷺ) ترسی تەنها بۆ خودای گەورە بوو، خۆشەویستی لەهەمان سەرچاوە دەبینێت، بۆیە ئامادەبوو لە پێناویدا ماڵ و گیان و ژن و منداڵ و خۆشیەکانی دنیا بەخت بکات تا دروشمی بڵندی یەکتاپەرستی لاإله إلا الله سەرکەوێت؟

پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیانی تەنهایی خۆیدا لەگەڵ خودای گەورەدا وتوێژی دەکرد و سوکنایی بۆ دەهات، نەك وەك ئێمەی کەم توانا دوای ئەوەی لە تێکەڵی خەڵك دەبینەوە دەچین و دەڵێین با بحەسێینەوە و دەخەوین، خەو بەواتای بەرفراوانی خۆی. ئیدی خودای گەورەمان بیر دەچێت و نازانین سوکنایی لە کوێیە.

شەوەکان شایەتن بۆشەونخونی پێغەمبەر (ﷺ) تا ئاستێ هەردوو پێی پیرۆزی ماندوو دەبوون، ئەوکات دەیفەرموو ( أفلا أكون عبدا شكورا )ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم؟).

نەك وابزانێت زۆر کارێکی گرنگی بۆ خودای گەورە کردووە، خودای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) تێگەیاند کە ﴿ إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا ۝٥ ﴾ دەی ئەگەر ئەتەوێت خۆت بگریت و بتوانیت بەسەر سەختیدا سەرکەویت، ئەوا لە تەنهایی ژینتدا من هەڵبژێرەو لە تاریکی شەودا بروانە ڕووناکی من ﴿ إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ قِيلًا ﴾.

ئەگەر تەنکیەکی ئاو بەردەوام ئاوی لێبڕوات، هەر دەبێت تەواو ببێت، بەمەرجێ زیاتر لە چوونی ئاوەکە ئاوی بەردەوامی تێنەڕژێ، چونکە ئەو کات هەرچەند ببەخشێ پێوەی دیار نیە.

پێغەمبەری ئازیزمان کاتی تەنهایی خۆی و خودای لەبیر نەدەکرد، بەڵکو لە ڕۆژیشدا جارجارە لە تێکەڵی خەڵکەوە دەچوویەوە لای تەنهایی خۆی و خوای گەورە و نوێژی چێشتەنگاو و کاتی جیای زیکری خۆی هەبوو.

هەروەها ئەو ئازیزەمان جەستەی خۆی دەپاراست، بڕێ لە کاتی خۆی دابووە دەست خودا خۆیشی بێدەنگ دەبوو، دەخەوت و لە دنیا دەبڕا و ئەوەی ڕۆڵی هەبوو لەو مەیدانەدا تەنها خودای گەورە بوو کە هەموو شتەکان لە ژێر فەرمانی ئەودان.

## ٢- پەیوەندی پێغەمبەر (ﷺ) بە بێباوەڕانەوە:

خاڵی گەورەی سەر سوڕمان ئامادەبوونی پێغەمبەری ئازیزە(ﷺ)





تا لە کۆمەڵگەیەکدا کە بێباوەڕانی تێدان بەشداری بکات. بێباوەڕانێك کە ئامادەییان نیە ئەو پێغەمبەرە لە نێویاندا بێت، بەڵکو حەزیان لە ولاتی بێپزیشك و شاری پاشاگەردانیە.

پێغەمبەر (ﷺ) سەرەتا بە چاوی پزیشکەوە دەڕوانێتە بێباوەڕان و لە جیاتی ئەوەی پێیان بفەرموێت نەزان و کافر و گەمژە بانگیان دەکات وەرن بەرەو ڕووناکی و زانایی و جوانی، لەم پێناوەشدا تەواو ماندوو دەبێت.

پێغەمبەر (ﷺ) ئامادەیی هەبووەخۆی دوچاری ئازارو سەختی بێت تاکوو بێباوەڕان لەمەرگەوە بەرەو ژیان بێن و ڕێنموویی وەربگرن، بەلاٌم ئامادە نەبوو پەیامی خوداو بەرنامەی خوایان بۆ تێکبدات، تەنانەت یەك بڕیاری خودای گەورەش هەڵناوەشێتەوە بۆیان.

پێغەمبەر (ﷺ)بێباوەڕان دەدوێنێ تا بەرەو ڕزگاریبێن، ئەوانیش پێغەمبەر (ﷺ) دەدوێنن بە (درۆزن، شێت، نەزان، جادووگەر)بەلاٌم هەمان ئەو پێغەمبەرە بە هەڵوێستی بەهێزو وازنەهێنانی لە قورئان و سوننەت و گوێنەدانی بە لۆمەی لۆمەکاران پاش ماوەیەکی دی دەچێتەوە نێویان و دەیاندوێنێت بە (إتقوا الله)ئەوانیش دەیدوێنن بە (لبيك)بەسەر چاو ئەی پێغەمبەری خودا بە دایك وباوکەوە بەقوربانت بین.

پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینەشدا هەنگاوی یەکەمی بانگکردنی بێباوەڕان دەنێت بۆهاتن بەرەو ئیسلام، بەلاٌم لەم قۆناغەدا زۆر بە

دیاریانەوە ناوەستێ، چونکە بەرچاوڕوونی پێشتر بۆ هاتن بەرەو ئیسلام هەیە، بۆیە لەم قۆناغەدا پێغەمبەر(ﷺ) هەڵدەستێت بەلابردنی بەربەستی بێباوەڕان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی قورئان و هێزی جیهادی بەرامبەریان بەکار دەهێنێت، جیهادێك کە سۆزو نیازی بۆ پەیمانی خودایە نەك ئارەزووی هەستبزوێنی بێباوەڕان، ئامادەیە بۆ پەیڕەوی پەیامی خودا ماڵ و گیانی بەختبکات.

بێباوەڕان لەم قۆناغەدا دەیانەوێت ڕیشەی ڕێبازەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ببڕن، گەرچی لە مەککەدا دەیانویست ئازاری لقەکانی پەیامەکە بدەن کە هەڵگرانێ لە پەیامی ئیسلامی دەگرتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەو لە مەدینەدا نیازی لێدانی ڕیشەی بێباوەڕی بوو نەك تاکی بێباوەڕ، واتە دەیویست ڕیشەی بێباوەڕی لە تاکی بێباوەڕدا نەهێڵێ و بەرەو ئیسلامی بهێنێ، بۆ ئەمەش ئەو هەنگاوانەی بەجێدەهێنا کە فەرمانی خودایی دیاری دەکردن.

بۆ ڕێککردنەوەی باری بێباوەڕی قۆناغێك نەرمونیانی و قۆناغێك نووکی ڕم و تیری شمشێر بەکار دێت، ئەمەیە هەڵوێستی پێغەمبەر(ﷺ) بەرامبەر بێباوەڕان.

### ٣- هەڵوێستی پێغەمبەر(ﷺ) بەرامبەر موسڵمانان:

پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوەی بێباوەڕەکانی بەرەو ئیسلام کێش دەکرد، دوابەدوای ئەوە دەکەوتە گۆشکردنی موسڵمانان لەسەر بنەمای ئایین و پەیڕەوی ئیمانی تێدەگەیاندن تا ئەو ئاستەی





کەسێ پێش موسڵمانبوونی و دوای موسڵمانبوونی وەك دوو جیهانی تەواو جیاواز بوو، ﴿ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ﴾.

پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانانی پەروەردە دەکرد لەسەر ئەوەی قورئان و سوننەت تاکە سەرچاوەی بڕیاریان بێت و بەس، ژیان لای ئەوان بریتی بێت لە پەیڕەو و سەرخستنی پەیامی خودا، براو خوشك لە ئیسلامەوە دیاری دەکرێن، باوەڕداران هەموو برای یەکترن بەبێ ئەوەی ئەو قسە بەشێوەیەکی خەیاڵی دابنێین ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾.

بەڵکو نابێت کەس دۆست و هۆگری دوژمنانی خوداو پێغەمبەر (ﷺ) بێت ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ﴾.

پێغەمبەر (ﷺ) لەنێو موسڵماناندا دەژیاو دادەنیشت و دەجووڵایەوەو دەچوویە کۆڕی پێکەنین و کۆڕی گریان و گرفت و دانیشتنیان و لەسەنگەرەکانی جیهاددا هاودەمیان بوو، خۆی چەمکە بەهێزەکانی جیهادی فێر دەکردن و بە نێویاندا دەگەڕاو هاوحاڵی ژیانیان دەبوو، هێندە تێکەڵ بە موسڵمانان دەبوو کە باری حاڵی هەریەکەیانی دەخوێندەوە، لە بەرامبەریاندا خۆی بە خاوەنی موڵك و دەسەڵات نەدەزانی، بەڵکو بەرگی خۆی دەدایە هاوەڵانی، موسڵمانانی دەبردەوە سەر خوانی خۆی، بۆمافی

موسڵمانێکیش ئامادەبوو لەشی پیرۆزی دەرخات تا بکەوێتە بەر قامچی دادگای ئیسلامی، بۆ پیرەژنێکیش ڕێگەی دووری دەبڕی.

پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانی خۆشدەویست، بەڵام لە بەردەم ئەم خۆشەویستیەدا نابینا نەدەبوو، بەڵکو کاتێ موسڵمان لە سنوری ئیسلام لایبدایە، فەرمانی ئیسلامی بەروویداجێبەجێ دەکرد، وەك چۆن ئەو سێ هاوەڵەی پەروەردە کرد کە لە سەنگەری جیهاد دواکەوتبوون و بڕیاریدا هیچکەس قسەیان لەگەڵدا نەکات، دواتر کە زانی پەروەردەبوون خۆی لە پێش موسڵماناندا سەلامی بۆدەکردن و لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی دەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ موسڵمانانیشدا بەوجۆرە بوو کە خوای گەورە دەیویست، دەبێت موسڵمانیش بەوجۆرە بێت کە بڕیاری خوداو پێغەمبەرەکەی فەرمانی پێدەکەن، چونکە سەرکەوتن تەنها لەوەدایە و جگە لەوە ماڵوێرانی بەدوادا دێت.

### ٤- پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خێزان و خزمان و نزیکانیدا:

پێغەمبەر (ﷺ) لەمەشدا بڕیاری خودای گەورەی لەلا بنەڕەت بوو، کاتێ خودا دەیفەرموو تێکەڵی ئەو کەسانە ببە، ئازیزمان لەببەیکی بۆ دەکرد، کاتێ دەیفەرموو لەوانە دووربکەرەوە بەهەمانجۆر لەببەیکی دەکرد، چونکە تاکە پێوەر لای ئەو بڕیاری خودایە.

پێغەمبەر (ﷺ) تەواو خێزانەکانی خۆی خۆش دەویست، لە کاروباریاندا یارمەتی دەدان، بەرامبەریان ڕووخۆشبوو، دڵی





نەدەڕەنجاندن و یاری و قسەی خۆشی لەگەڵ دەکردن، ئامادە بوو لە مافی خۆی ببورێ بۆیان، بەڵام لەمافی خوداییدا بێدەنگ نەدەوەستا و بڕیارو خۆشەویستی خودای لەلا گرنگتر بوو.

هەروەها ئازیزمان سەردانی خزمانی دەکردو بە بێ گوێدان بە کەمتەرخەمی ئەوان لەبیری نەدەکردن، وەك دەفەرموێت ((ليس الواصل بالمكافىء إنما الواصل الذى إذا قطعت رحمه وصلها)) بڕیاری سەردانیش بە ئامانجەوە بوو و کاتێ دەچوو قسەی خێری بۆ دەکردن، ئاگاداری دەکردنەوە لە ڕاستی و حەقیقەتی ئیمان تەنانەت ئەگەر پێی بێزار ببونایە ئەو ئازیزەمان پێی دەوتن بەڵکو بێنەوە هۆش و ڕزگارییان بێت، ئەمەش لە دەقی فەرموودەکانی و هەڵوێستی پیرۆزی ژیانیدا بەجوانی دیارە.

خزمایەتی و کەسوکار لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیە کە بۆ خوا بسوڵحێ و چاك بێت، ئەگەرنا جگە لە باوەڕدار کەس و خزمی ڕاست نین ﴿ إِنَّهُۥ لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَ ﴾ لەگەڵ ئەوەشدا هەچەندە خزمانی بێباوەڕ بوونایە پێغەمبەر (ﷺ) لە قاڵبی مرۆڤایەتیدا سەردانی دەکردن و پەیوەندی لەگەڵیاندا نەدەپچڕاند.

پێغەمبەر (ﷺ) ئامادەبوو لەسەر ئیسلام بۆ پاراستنی سنوری خودای گەورە کەسی خۆی بڕەنجێنێ، چونکە ئەوەی وەفاو پێزانینی بۆخوا نەبێت چۆن دەبێت مرۆڤی لەبیربێت، مەگەر ئاکاری بڵندی مرۆڤایەتی تێدابێت، هەرکەسیش ئاکاری مرۆڤایەتی هەبێت ئامادەنییە سوکایەتی بە بەرامبەر بکات.

## ٥- دڵسۆزی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ گەیاندنی ئیسلام

بەسە بۆ موسڵمان تا بزانێت ئازیزمان شەوان نەدەخەوت، ڕۆژان لە هەوڵ و ڕەنج و ماندوێتیدا بوو، دەچوو بە كۆڵاناندا و قسەی پێدەوترا، بەرد باران دەكرا، گاڵتەی پێدەكرا، ئەو كات دەیفەرموو ((اللهم إني أشكو إليك))، باوەڕی وابوو ﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ﴾.

ئەی بۆچی ئێمە وانین؟ خۆ سەروەرەكەمان خوای گەورەو قورئانی هەبووە، ئێمەش ئەوانەمان هەن، بەڵام دڵسۆزی لەلای ئێمە كەمە. ئەگەرنا ئێمەش بەرهەمێكمان دەبوو نەك بە نیاز بین بگەین بە پلەی ئەو و یارانیدا،ئەگەر خوا بكات بگەین بە تۆزی بەرپێی هاوەڵانیدا ئەوە گەورەترین پلەیە بۆمان.

## نۆیەم: یەكەم هەنگاو

مرۆڤایەتی لە سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەردا (ﷺ) لەبارێكی نالەباری فرەلایەندا بوون، بەڵكو دەبوو مرۆڤەكان خۆیان لەو تەنگوچەڵەمەیە دەرباز بكەن، كاتێ خوای گەورە بەرنامەی ڕزگاری بۆ پێغەمبەر (ﷺ)دانا، یەكەم هەنگاوی بریتیبوو لە ﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ١ ﴾ ئەگەر یەكەم هەنگاو بچین دواتر هەنگاوەكانی تر دێن، بەڵام بەبێ ئەوە ناتوانین هەنگاوی یەكەم بە دروستی بنێین، لەوەشدا مرۆڤ ترسی نەبێت چونكە بە ناوو یارمەتی كەسێكەوە دەست پێدەكات كە مرۆڤی دروستكردووە،



گەنجانی ئیسلام وا دەژین ـــــ ئەنەس عەبدوڵلا

دروستكەریش لە دروستكراوان شارەزاترە بە دروستكراو.

با ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەچاكی ئەوە لەبەرچاو بگرن كە یەكەم هەنگاو خوێندنە، بەڵام خوێندنێك كە لە خودای گەورەوە بڕیاری لەسەر بدرێت ئەگەرنا ناگەنە ئەنجامێكی دروست.

هێندە بەسە بۆمان تابنەوینە خوێندن كە خودای گەورە زانایان دەكاتە شایەت بۆ بوون و دەسەڵاتی خۆی وەك دەفەرموێت ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾.

پێغەمبەر (ﷺ) باس دەكات ئەو كەسەی لە پێناو زانستدا بچێتەدەر بە گەڕانەوە ونەگەڕانەوەی لە پاڵپشتی پەروەردگاردایە، سادەش نیە پەیامی یەكجارەكی خودایی بە هەنگاوی زانست یەكەم هەنگاو بنێت، شارستانییەتی ئیسلامیش تەوانی هەنگاوبەهەنگاو بەرەو پێش بڕوات تا ئەوەی قەڵەمڕەوی شارستانییەتی لە ماوەیەكدا گرتە دەست، بەڵام كاتێك موسڵمانان دەستبەرداری خوێندن و زانست بوون، بوونە تێكشكێنەری شارستانیەتی سەردەمی خۆیان و پاشكۆی گەلانێك كە ئێرەییان بەوان دەبرد، خۆ شارستانیەتی پێشوویان لەناو نەچوو، بەڵكو ئەوان دواكەوتن، ئەمڕۆش موسڵمانان لە دواكەوتندان تا ئەو كاتەی لە هەنگاوی یەكەمەوە دەستپێبكەنەوە.

ئوممەتی ئیسلامی خاوەنی چەندین دەقی قورئان و سوننەتە لەسەر بڕیاری خوێندن، كەچی ئەمڕۆ لەو مەیدانەدا دواترین ئوممەتی سەرزەوین، خوای گەورە بە ﴿ نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ١ ﴾

سورەتێك دەستپێدەكات، بەراوردی زاناو نەزان دەكات ﴿ أَمَّنۡ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ سَاجِدٗا وَقَآئِمٗا يَحۡذَرُ ٱلۡأٓخِرَةَ وَيَرۡجُواْ رَحۡمَةَ رَبِّهِۦۗ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٩ ﴾ زانایان دەباتە پلەیەکی بەرزی ئیمانیەوە﴿ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ٢٨ ﴾نیشانی دەدات کە زاناو خوێنەر لەپێشترە بە کەسانی بەتوانا لە هەندێ بواردا ﴿ قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ ﴾. پێغەمبەریش زەید بانگ دەكات تا فێری زمانی سریانی و عیبری ببێت. دوعای زانست دەكات بۆ أبن عباس، فەرمان بە موسڵمانانیش دەكات كە دەبێت بە دوای زانستدا بگەڕێن(طلب العلم فريضة على كل مسلم) زانایان پایەیان بەرزترە لەوانەی پەرستشی شەخسییان زیاترە(فضل العالم على العابد كفضل القمر على النجوم)چەندین فەرموودەی تریش دێنێت.

ئوممەتی ئیسلامی، گەنجانی بانگەوازی قورئان و سوننەت، ئێوە لەژمارەدا كەم نین، خوای گەورە لەشو بەخششی بێشوماری پێبەخشیون، بەهێزترین بەرنامەو ڕێبازی زانستخوازیتان هەیە، گەورەترین پاداشتیشی لەسەر وەردەگرن، لەهەموو هەنگاوێكیشتاندا خوای گەورە پشت و پەناتانە، بەردەوامیش فریشتەو دروستكراوەكانیتر تا ماسیەكی ژێردەریا نزای خێرتان بۆ دەكەن، ئیدی چیتان كەمە تا بنەونە زانستخوازی و بنیاتنانی شارستانیەت، جگە لە نەیبونی متمانەتان بە خوای گەورە و دەستنیشانی ئامانجتان لەوكارەدا و خۆڕاگری لە هەنگاوناندا.





بەڕاستی داخ و پەژارەیەكی گەورەیە كە بوزیەكان بەوجۆرە دەست بدەنە زانست، مەسیحیە خاچپەرستەكان لە ئەوروپا تەمەنیان خەرجی زانست بكەن، جوولەكە دەمارگیرەكان بە زانستخوازی سەریان بنێنەوە، كەچی ئوممەتی(إقرأ) بۆ تام و چێژی ڕوخسار كتێبێك بخەنە كتێبخانەكەی ماڵەكانیان تا ساڵانە تۆزەكەی بتەكێنن!!

گەنجانی موسڵمان: بۆچی ناڕواننە تەلحە كە ماڵەكەی خۆی بۆ كتێب دەفرۆشێت، ئیبن تەیمیەتان لەبیرچووە كە هەناسەكانی ژیانی خۆی لە زانستدا بە خەرجدا؟ مەگەر بوخاری ناناسن كە بۆ زانست وڵاتەو وڵاتی دەكرد، ئەحمەدی كوڕی حەنبەل بۆ چوونە خزمەت زانایەك چەندین مانگ ڕێگەی دەبڕی!!!

ئەگەر ئەوانە باوباپیرانتانن، بۆچی ئێوە وا تەمبەڵ و دەستەوسان كەوتون؟ كەی دەستپێدەكەن و (لبيك اللهم لبيك) دەكەن و دەنەونە نووسینەكان و زانستخوازی و دەڵێن﴿ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ١٧٣ ﴾.

بە كورتی كۆمەڵێ زانیاری دەخەینەڕوو تا زانستخواز لە ڕێگەی زانستخوازیدا ئاگاداریان بێت تا لە كەمترین كاتدا زیاترین زانیاری وەربگرێت.

## یەكەم: ئامانج لە زانستخوازی

تاكە ئامانجی موسڵمان بە جێگەیاندنی پەیامی خودایە لە پێناو ڕازیكردنی پەروەردگاردا تا بەهەشتی بەرینی دەستبكەوێت و لە سزای دۆزەخ پارێزراو بێت، زانستیش پێناوێكە بۆ گەیشتن

بەتاکە ئامانج، بەڵکو ئامانجی زانست بە پێناوکردنی زانستە بۆ گەشتن بە ئامانج، ڕزگارکردنی ئوممەتی ئیسلامیش لە نەزانی و دواکەوتوویی ئامانجێکی تری زانستە کە خۆی لە بازنەی ئامانجی گشتیدا دەبینێتەوە.

گرفت لەوەدایە گەنجانی موسڵمان هێشتا بەهایەکی بەنرختر لە ئارەزوویان بەدەست نەخستوە تا بتوانن ئەو بەهایە پێش بخەن، لە کاتێکدا پێشینەکانیان هەموان لە یەکەم هەنگاوەوە تاویان داوەتە بەهایەك کە زۆر بەنرختربێت لە گیان و ئارەزوو، دەی کەی بێت گەنجی موسڵمان بەهایەکی وا گرانبەهای لەلا دروست ببێت کە بێباکانە و شەیدایانە ئامادە بێت گیان و ئارەزوو و ژیانی خۆی بۆ بکاتە پێناوێك بۆ گەیشتن پێی؟!!

### دووەم: ئەنجامی زانستخوازی

چەند ئەنجامێکی گەورە لە زانستخوازیەوە دێنە بەرهەم کە هەموویان خۆیان لەیەك بازنەدا دەبیننەوە، ئەویش گەیشتنە بە ڕەزامەندی پەروەردگار لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیەی خستویەتیە سەرشانمان.

ئوممەتی ئیسلامی ڕۆژانێك کە نەوینە زانست و خانووەکانیان بۆ کتێبێك یان چەند کتێبێك دەفرۆشت، پارەی دەمیان بۆ زانستخوازی دەگرتەوە، بۆ زانیاری شارو وڵاتان دەگەڕان، لە ئەنجامی ئەو کارەیاندا توانییان شارستانیەتێك بنیادبنێن کەلە ئەندەلوس بۆ هیندستان درێژ دەبوویەوە و لە ناوچەکانیترەوە





ڕوویاندەکردە ئەوێ، هێندەش شارستانیەتیەکەیان بەهێزبوو کە بێباکبوون لەهەڵەو ناباوی ناوچەکانیتر و دەیانهێنانە کۆمەڵگەکەی خۆیان تا ئەوە نیشانبدەن بەرهەمی ئیسلام و بەرهەمی لایەن و ئایین و هێزەکانی دی لە چ ئاستێکدان. بەڵام ئەمڕۆ موسڵمانان ڕوویان نایکات باس لە بەراوردی زانستی جیهانی ئیسلامی و ناوچەکانی تر بکەن، چونکە هێندەی بتپەرستێکی خوانەناسیان پێنەکراوە کە شارستانیەتێکی ماددی لەچەند دورگەیەکی پەرش و بڵاوی بچوکی وەك یاباندا دامەزراندوە، ئەگەر جارێکیتر موسڵمان بنەوێتە زانست و زانستخوازی، قەڵەمڕەوی شارستانی جیهان دەگرێتەوەدەست، ئەو کات لە جیاتی لۆمەو تاوانبارکردنی ناحەزان، دەکەونە بانگەواز بۆ شارستانیەتی ئیسلامی لەهەموو جیهانداو کۆتا پلەی سەرکەوتنی سەربازی و شارستانی بەدەست دێنن.

### سێیەم: ئەرکی زانستخواز

مەرجە زانستخواز ئەو ئەرکەی خۆی بەجێبگەیەنێت کە لە سەر شانیەتی، ئەویش گەڕانی بێوچانە بەدوای زانستدا تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، بە کورتی لەچەند خاڵێکدا ئەرکی زانستخواز دەخەینەڕوو کە بریتین لە:

١- گەڕان بەدوای هەر زانستێکدا کە بە سوودو پڕ ئەنجام بێت.

٢- زانستخواز ئەرکی یەکەمی زانست وەرگرتنە، دواتر

لایەنەکانیتری ژیان.

٣- دەبێت زانستخواز چی وەردەگرێت بەشێوەیەك لە شێوەکان بیگەیەنێت بە کەسانی ترو لای خۆی دیلی نەکات، گەرنا وەك ئاسکی نەبەستراو لە دەستی دەردەچێت.

## چوارەم: مافی زانستخواز:

١-مافی زانستخوازە کە هەر مەیدانێکی زانستی بینی لێی سودمەند بێت و نابێت لێی بێبەش بکرێت، نە لەلایەن دەسەڵاتەوە، نە لەلایەن بڕیاردەرانی ترەوە، ئیدی کەسانی خاوەن قسەبن یان دایکو باوكو کەسوکار و...هتد.، مەگەر بنەمایەکی شەرعی لە بوارێکی تایبەتدا پاڵپشتییان بکات.

٢-هەموان بە پێی توانای خۆیان یارمەتی ماددی و مەعنەوی زانستخوازان بدەن، چۆن کردنەوەی مزگەوتێك خێرو چاکەیە، سازدانی زانایەك پێویست و چاکە تا خەڵکان هانبدات بۆ چوونە نێو ئەو مزگەوتەو گەرموگوڕکردنی مزگەوتەکە.

٣-نابێ ڕێگری سنوری یان ماددی لەبەردەم زانستخوازێکدا دابنرێت کەلە بوارە زانستی یەکەی خۆیدا ناچارە بەرەو ناوچەیەکیتر بڕوات، بەڵکو دەبێت یان لە شوێنەکەی خۆیدا هەلی بۆ بڕەخسێنرێت، یان ئاسانکاری بۆ بکرێت تابگاتە ئەو شوێنەی پێویستیەتی.





## پێنجەم: سیفەتی زانستخواز

١-ئیمان و تەقوا: کەسی موسڵمان دەبێت لە ڕوانگەی ئیمان و تەقواوە زۆر بەهێز بێت، چونکە ئەگەر پاڵنەرە ئیمانیەکەی نەبوو، ناتوانێت بگاتە ئەنجامێکی باش، چونکە پاڵنەری ئیمانی ئامانجەکەی دەستنیشانکردووە،بۆیە دەبێت گرنگی بەو پاڵنەرە بدات، خواش دەفەرموێت﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٢٨٢ ﴾.

جا لەگەڵ هاتنی تەقوادا یەکسەر بەبێ وەستان زانست دێت.

٢-نیاز پاکی(إخلاص): چونکە هەرکارێك لە پێناوی خوای گەورەدا نەبوو و تێکەڵ بەبەشێتر بوو، خوای گەورە وەریناگرێت و بەرەکەتی بۆ ناسازێنێ، ئەوکات دەبێت تەنها پشت بەهێزی سنورداری خۆی ببەستێ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُ ﴾ پێغەمبەری خوداش دەفەرموێت ((إنما الأعمال بالنيات))

٣-ئاکاری جوان: دەبێت ئاکاری قورئانی سیفەتی هەڵگرانی زانست بێت، چونکە پێشەنگەکەیان کە پێغەمبەری خودایە ئاکاری قورئانی بووە (کان خلقە القرآن).وەك خۆشی دەفەرموێت (إنما بعثت لأتمم مکارم الأخلاق).

٤-خۆ ڕاگری و بەردەوامی: چونکە هیچ کارێك بەپەلە ناگاتە ئەنجام، بەڵکو دەبێت بڕیار بدات و لێی بنەوێت و خۆڕاگر

بێت.

٥-دەبێت زانستخواز لەیەکەم هەنگاویەوە چاوەڕێی گەورەترین باجدان بێت، چونکە بیری بێت ئەو کارەی ئەو میراتی پێغەمبەرایەتیە.

**شەشەم: ئەرك و ماف و سیفەتی زانایان:**

١-دەبێت زانایانی موسڵمان ببنە پێشەنگی ئوممەتی ئیسلامی و چرای ڕووناکی بگرنە دەست تاریگەی تاریکی بۆ گەنجانی موسڵمان و زانستخوازان ڕۆشنبکەنەوە، لە چ تاریکیەکەوە چوون زانایان نەوەستن و یەکسەر چرای ڕووناکی ببەن بەرەوڕویان.

٢-زانایان ئەرکی سەرشانیانە بەبێ وچان و بەردەوام لەو زانستە ببەخشن و منداڵ و گەنجانی موسڵمانیش بەرەو ئەو ڕێگەیە ڕابکێشن و بۆیان بسەلمێنن موسڵمانان پەیامی إقرا یان پێیە.

٣-هەڵەیە تەنها ڕێزی زانایانی فقه و عەقیدەو...بگرن، بەڵکو زانایەکی فیزیا و دەرونزانی و جوگرافیناس و گەردوونناس و ئابووریش...دەبێت هەمان ڕێزی بگیرێت بەبێ کەموکورتی مادەم لە پێناو یەك ئامانجدا ئیشبکەن کەسەرخستنی پەیامی ئیسلام و ڕازیکردنی پەروەردگارە.

٥-دەبێت زانایان لەگەڵ دەوروبەردا لەسەرخۆ و هێدی و ڕووخۆش و خۆڕاگربن. بەشداری هەرجۆرە بەشێکی ژیانی





کۆمەڵگە بن و خۆیان لە بوارێکی دیلداریکراوی ژیاندا بەرتەسك نەکەنەوە تا بتوانن سەرکەوتووبن.

٦-با زانایانمان زیاترین هەوڵیان لەوەدا بەخەرج بدەن کە هۆشیاری خوێندن و زانستخوازی لەلای موسڵمانان دروستبکەن، بەڵکو خوای گەورەیش دەرووی خێرمان لێ بکاتەوە، خوای گەورەش دەفەرموێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ﴾.

## دەیەم: ئاسنی دەستو خوێنی شادەمار

ئیسلام بە (اقرا) دەستی پێکردو زانستی کردە بنەما بۆ گەیاندنو تێگەیاندنو چەسپاندن، بەڵام ئەوەشی لەبەرچاوە کە هەمیشە کەسانێ ڕێز ناگرن لەو نەرمیو ڕوونیە و وەك دڕندە تەنها کەڵبەیان ئیش دەکات، بۆیە خوای گەورە جیهادی داناوە تا موسڵمانان عیززەتی خۆیانو ئایینیان بپارێزن﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ٢٥﴾ بۆ ئەوەش فەرمانی کردووە سەرەتا دەستدرێژی مەکەن، بەڵام کە دوژمن مەیدانی زمانو عەقڵی ژێری نەویست وەڵامیان شمشێرێ بێت کە سەرەپەنجەکانیان ببڕێو دەمیان بکوتێو نووزەیان نەهێڵێ.

کاتێ زمانی نزای مەککە دادی بێباوەڕانی نەدا شمشێری بڕەری مەدینە هێنانیە سەر بار، کاتێ خاچپەرستان هەڵمەتی خۆیان هێنا وەڵامی پۆڵاییینی موجاهیدان مل شۆڕی و شکستی پێ نواندن، ئەمڕۆ کە دوای نەبوونی هەنگاوی یەکەم کە زانستە هەنگاوی دووەمیش نەماوە دەبینین زمانەکان درێژو شمشێرەکانی کوفر بڕەرو ژەهرەکان بڕێژو باری موسڵمانان لێژ بووە، راستی فەرموو ئەبووبەکری خەلیفە کە هەر ئوممەتێ واز لە جیهاد بهێنێ خوا زەلیلی دەکات. ئەوەش بەڵێنی خوایە کە ئەگەر موسڵمانان راست بکەن سەریان دەخات با کەمیش بن ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٖ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةٗ كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٢٤٩ ﴾ پێغەمبەریشمان ﷺ دەفەرموێت جیهاد تا ڕۆژی دوایی ناوەستێت(الجهاد ماض إلى يوم القيامة) بەڵکو بەردەوام دەستەیەك هەن لەسەر ئیسلام جیهاد دەکەن(لا تزال طائفة من أمتي يقاتلون على الحق...).

ئەی موسڵمان هیچ کات تەمبەڵی و بێوڕەیی خۆت مەکە بە پاساو دژ بەو کەسانەی ئەو ئەرکە بەجێدەگەیەنن تا نەبیتە یاریدەدەری دوژمنان، چونکە ئەمڕۆ هەواڵی پێغەمبەرمان ﷺ هاتەدی کە دەفەرموێت (خەریکە هەموو گەلان سەرتان تێبکەن... زۆرن وەك کەفی سەردەریا...بەڵام لەبەر ئەوەی دنیاتان خۆش دەوێت و ڕقتانە لە مەرگ).





لە ڕێگەی جیهادیشدا خوا دوو شتی بۆ داناوین یان شەهیدیو بە مردوو دانەنراو، یان سەرکەوتن و پاداشتی هەردوو دنیا. لە بەرامبەر خۆ دوورگرتنیش لە جیهاد هەڕەشەی سەخت و وادەی ترساندن بە دۆزەخ لە قورئاندا هاتووە.

## پانزەیەم: ئامانجی ڕێ

پرسیارێك بە بیری هەر گەنجێكی موسڵماندا دێت و دەپرسێ، ئەگەر بڕیارە ئەم ڕێبازە بگرینە بەر، ئامانجمان چیە لە گرتنەبەری ئەو ڕێبازە، ئایا دەکرێت کەسێك بەبێ ئامانج هەنگاو بنێت؟ نەخێر ناکرێت، تەنانەت کەسێك کە خۆی لە ژیان و بوون بێئاگا دەکات ئامانجێکی هەیە، دەتوانین ئێمەش لەم ڕێگایەدا ئامانجی خۆمان نیشان بدەین تا بزانین بەرەو کوێ دەچین، ئەگەرنا چۆن دەکرێت هەنگاو بنێین بەبێ ئەوەی نیازمان گەشتن نەبێت بە شوێنێك، بە دڵنیاییەوە سوودبەخش ئەو کەسەیە کە دەزانێ بۆ کوێ دەچێت، ئەو کات بە پێی بنەمای دروستی گەیشتن هەنگاوی بۆ دەنێت.

بەکورتی ئەمانە ئامانجی سەرەکی گەنجی موسڵمانن:

یەکەم: ژیان: مرۆڤەکان دروستکراون تا بژین، بەڵام ئەوان خۆیان دەکوژنەوە، چونکە یان چاویان بە ژیان هەڵنایەت و مەرگیان لەلا باشترە یان چاویان توانستی بینینی ڕووناکی ژیانی نیە﴿ يَكَادُ ٱلۡبَرۡقُ يَخۡطَفُ أَبۡصَٰرَهُمۡ ﴾.

بەڵام خودای گەورە بە پەیامی خۆی بانگمان دەکاتەوە بۆ ژیان

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ لِمَا يُحۡيِيكُمۡۖ ﴾ پەیامێك كە بمانژیەنێت، واتە ئامانج و بنەماو تایبەتمەندی و پێناوو سەرەنجامی ژیانمان بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەو کەسەی شەریعەتی خودای وەرگرتووە، ژیانیشی لێوە وەرگرتووە، بەڵام کەسێك لە پەیامی دروستکەری جیهان ڕادەکات، با بزانێ مەرگی هەڵبژاردووە، دەبێت مەرگ لەوە گەورەتر چی بێت کە باخچەی ژیان و کۆگای مەرگ لەبەردەم کەسێکدا بێت و ئەو مەرگەکە هەڵبژێرێت؟!

گەنجانی موسڵمانیش دەمێکە چوونەتە نێو جێگەی مەرگەوە و چاوەڕێی مەرگ دەکەن، با بزانین ئەوەیش کە تا ئێستا نەمردوین سۆزی خواییە بەرامبەرمان، جا دەستتان بەرەو پەتی خودایی ڕابکێشن و جارێکی دی خۆتان ڕزگاربکەن تا ببنە کۆمەڵگەیەکی ژیاری.

**دووەم: ڕزگاری:**

تا ئێستا نەبینراوە کە ڕزگاران بەرەو ڕزگاری ڕابکەن،چونکە خۆیان لەناو ڕزگاریدان و بەرەو کۆتا پلەکانی ڕزگاری هەنگاو دەنێن، بەڵکو داگیرکراو و دەست بەسەردا گیراون پێویستیان بە هەولی ڕزگارییە، دەی ئەمڕۆش گەنجانی موسڵمان لە لێواری ڕزگارییەوە بەرەو ناوەندی داگیر کراوی کەوتوونەتە ڕێ و حاڵیان گەشتوتە ئەو ڕۆژەی کە دەبینرێت، بۆیە پێویستە ئاڕاستەیان بگۆڕن و هەنگاو بەرەو نێوەندی ڕزگاری بنێن، چونکە لە ڕزگارییە





وه نزیکترن تا له داگیرکراوی. ڕزگارییەك کەسەرفرازی دنیاو دواڕۆژی تێدایە. هەر دەبێت ڕزگاری ئوممەتی ئیسلامیش بەدەستی موسڵمانان بێت.بۆیە ئەویش دەبێت یەکەم هەنگاو دەوڵەتی دڵیان ڕزگار بکەن،پاشان دەوڵەتی ئیسلامی داگیرکراو ڕزگار بکەن لەهەردوو لایەنی دەسەڵاتدای و ژیارییەوە(حچاری) لە هەنگاو نان بەرەو ڕزگاریش،سەرچاوەی بەخششی ڕزگاری بەڵێنی پێداون تا سەریان بخات ((وكان حقا علينا نصر المؤمنين))

**سێیەم:دەوڵەمەندی:**

جێی داخ و پەژارەیە کەدەوڵەمەندانی مرۆڤایەتی ببنە هەژارانی نێو جادەو کۆڵانەکان، موسڵمانێك کە دەوڵەمەندترین کەسی سەر ژیان بێت و هەموان داوای بەخششی لێبکەن، دەبێت ئەمڕۆ چاوەچاوی پارەنان و جلەشڕۆڵێکی دەوروبەر بێت، موسڵمان کە کۆگای ڕوونیەکانی لەلایە((تبيينا لكل شيء)) دەبێت پەنابەرێتە بەر ئاوێنەی بەرامبەر بە تەشتێك کە وێنەی خۆری تێدایە، هەژاری لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ لە خۆی زیاتری نەبێت، واتە هەژار کەسێکە بەهایەکی هێندە باڵای نەبێت کە بتوانێت گیانی خۆی پێ بگۆڕێتەوە ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ ﴾

هەژارییەك ڕوویکردوەتە موسڵمانان کە دەبێت چاو ببڕنە دوژمنانیان تا لەناو زەوی موسڵماناندا خۆراکی خۆیان پەیدا بکەن و بیخۆن، ئینجا موسڵمانیش بکەوێتە کڕاندنەوەی

پاشماوەکەیان بەڵکو لە مەرگی برسێتی ڕزگاری ببێت، چونکە خۆی هێندە سست ولاواز کەوتووە ناتوانێت خۆراکی خۆی لەسەر دەوڵەمەندترین خاك بەرهەم بهێنێت. موسڵمانێك کە کۆگای گەورەی نەوت و ژمارەی زۆری دانیشتوان و زەوی زۆری بەپیت و وزەی کەموێنەی تیشك و شەریعەتی باڵای هەیە، کەچی ناتوانێت شارستانیەتێکی بەهێز بنیادبێت. ئاخۆ ئەو دەرزی بەنجکردنە چی بێت درابێت لە موسڵمان و بە چ دەنگ وهاوارێك موسڵمان دێتەوەهۆش؟!!

موسڵمانان لەدوای لاوازی شارستانیەتیان چیان بەرهەمهێناوە، جگە لەوەی ئەمڕۆ نوسین و وتەکانی ئەو پێشینانە دووبارە دەکەنەوە و هیچی تریان پێنیە، خوێندنەوەی ئەوانەو هەوڵنەدان بۆ ئەمڕۆ هەڵەیە لەم ڕوانگانەوە:

١-ئەوان کە ئەو نووسینانەیان بۆ ئێمە بەجێهێشت، بۆ ئەوە نەبوو کەتەنها بیانخوێنیتەوە و بەس، بەڵکو بۆ ئەوە بوو درێژە بەکاروانەکە بدەین تا دەگەینە کۆتایی ڕێ.ئەوە تەنها بنەڕەتی شەریعەتە دەبێت دەستکاری نەکرێ، ئەوان ئیشیان لەسەر پاراستنی بنەڕەت نەکردووە، بەڵکو بنەڕەتەکە خوای گەورە دەیپارێزێت. بەڵام ئەوان ئیشیان لەسەر جێبەجێکاری تەواوی بنەڕەتەکە کردووەو گەیاندوویانەتە ئەو قۆناغە، ئێستا ئەرکی ئێمە بەرەو پێشبردنیەتی.

٢-نوسینەکانی ئەوان زیندووبوون و ڕوحێکیان هەبوو، بۆیە





ئەمڕۆش نامرن، بەڵام خۆ ئەمڕۆ موسڵمان نوسینەکانی بێگیان کەوتون، چونکە خۆی لە جێگەی مەرگدا ڕاکشاوە، کاتێ ئێمەش دەتوانین وەك ئەوان بنیادنەر بین کە بمانەوێت خۆمان و نوسینەکانمان بژین، بەڵکو ئامادەبین گیانمان بکەین بە بەری نوسینەکانماندا.

**چوارەم:بەختەوەری:**

هەموو مرۆڤایەتی  بە دوای بەختەوەریدا ڕادەکەن، واتە هەموویان یەك ئامانجیان هەیە، بەڵام گرفت لەوەدا پەیدا دەبێت کە لە سەر واتاو سەرچاوەو تایبەتمەندیەکانی بەختەوەری ڕای جیاواز دروست دەبێت، ئەوجا دابەشبوون لە نێوانیاندا دروست دەبێت. بەڵکو هەر پەیامێك بۆ بەختەوەری دێتە مەیدان، شەریعەتی ئیسلامیش هاتووە تا شوێنکەوتووەکانی خۆی بەرەو بەختەوەری ببات﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾ ئەویش دەستبەرداری ڕێبازی ئیسلام نەبێت دەگاتە ئەنجامی ڕێ کە بەختەوەریە ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾.

با کەسانێك کە لە نێوەندی بازنەی ئیمانـدا نین، سەریان سوڕ نەمێنێ لەوەی بەختەوەرترین کاتی موسڵمان ئەوەبێت لەپێناو پەیامەکەیدا تەنانەت گیانیشی دابنێت، چونکە ئەو لەپێناو گەیشتن بە بەختەوەری یەکجارەکیدا هەر پێناوێکی گەیشتن بە بەختەوەریشی لێ دەبێت بە بەختەوەری.

**پێنجەم: سەرکەوتن:**

ئامانجێکی دیکەی موسڵمان بریتیە لە سەرکەوتن، ئەو سەرکەوتنەی خوای گەورە بەڵێنی پێ داون﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ ﴿٥١﴾ ﴾.

سەرکەوتنێ کە خودا سیفەتەکانی دەستنیشانکردووە و موسڵمان لێی دڵنیایە و ناحەزانی ئیسلام لە هەوڵی ئەوەدان نەیەتەدی، بەڵام هۆکاری نەبوونی سەرکەوتن لەم قۆناغەدا، ئامادەنەبوونی موسڵمانە بۆسەرکەوتن، چونکە سەرکەوتن بەڵێنێکی خوداییە و دوژمنانیش ناتوانن لەناوی ببەن، بەڵام موسڵمانان بێدار نین تا وەریبگرن. بۆیە دوژمنان هەمیشە ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کە موسڵمان سەرقاڵبکەن تا نەکەوێتە هەوڵی وەرگرتنی سەرکەوتن، ئێمە دەبێت ئامانجمان ئەوەبێت﴿ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ ﴾.

**شەشەم: گەڕانەوە بۆلای خودا:**

ئێمە هەمیشە خودامان لەگەڵدایە ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ بەڵکو لە هەموان لێمانەوە نزیکترە﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ ﴿١٦﴾ ﴾کاتێ دەڵێین گەڕانەوە بۆلای خودا ئامانجمانە، مەبەستمان ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خودای گەورە بۆی داناوین کە ئەویش بەهەشتی بەرینە.

ئامانجەکان دەکرێت لەوەش زیاتر بن، بەڵام ئەمانە بنەڕەتەکانی ئامانجەکانمانن لە وەرگرتنی شەریعەتی خوداییدا تا بتوانین بە





هۆی شەریعەتەوە پێیان بگەین.

## دوانزەهەم: بانگەواز

پاش ئەوەی واتای دروستی شەریعەتمان وەرگرت و کەوتینە هەنگاوی زانستخوازی، ئەرکێکی ترمان لەسەرشانە، ئەویش بریتیە لە بانگەواز بۆ پەیامی خودا، بانگەواز بۆ بەخششێك کە خودای گەورە پێی بەخشیوین و تا ئێمەش لێی ببەخشین زیاترو بەهێزترو جوانتر دەبێت. خودای گەورە وەك چۆن فەرمانی پێکردوین نوێژو ڕۆژوو بەجێبگەیەنن، بەهەمان شێوەش دەفەرموێت﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ﴾.

پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت ((بلّغوا عني ولو بآية)). بەڕاستی پێویست دەکات موسڵمانان جارێکی دی پاش خۆبنیادنانەوە بنەونە بانگەوازێکی بەرفراوان بۆ پەیامەکەی خوای گەورە، بانگەوازێك کە لەسەر بنەمای قورئان و سوننەت بێت، نەك ئەو بانگەوازەی سەرچاوەی بیری تاکەکان بێت، ئێمە لە بانگەوازماندا ئامانجمان دەوڵەمەندکردنی شەریعەتی خودا نیە، بەڵکو گەیاندنی پەیامی خودایە بە مرۆڤەکان، چونکە پەیامەکە خۆی لە پلەی کەماڵدایە، مرۆڤیش بەرەو کەماڵ ڕادەکات.

بۆیە هێندەمان لەسەرە لەسەر بنەمای بانگەوازی کەماڵی شەریعەت بانگەواز بکەین، نەك بمانەوێت لەسەر حیسابی بانگەواز بۆ شەریعەت لە بەها تایبەتمەندیەکانی شەریعەت

کەمبکەینەوە، مەبەستمان ئەوە نیە توندی بنوێنین، بەڵکو مەبەستان ئەوەیە بەوجۆرە خەڵك بانگ بکەین بۆلای خودای گەورە کە خوا خۆی داوایکردووە، چونکە ئێمە ئیش بۆ خودا دەکەین، بۆیە با پێبەپێی خواست و ڕێنمایی ئەویش بانگی مرۆڤایەتی بکەین.

بانگەواز وەك چۆن بەپێی ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت ئەرکێکی شەرعیە، دەبێت ڕێ و شوێنی و چۆنیەتیەکانیشی لەوێوە وەربگرین.

موسڵمانان زۆر دەکەونە ئەو هەڵەی کە بەدەر لە عەقیدەی ئیسلام بانگەواز بۆ ئیسلام دەکەن بەو بیانووەی با بەعەقڵی خۆیان بیاندوێنین، بەڵام خۆ بەڵگەکانی قورئان لەبارەی بوونی خودای گەورە یان بابەتیترەوە تەنها بۆ کەسانێك نەهاتووە کە بڕوایان بەبوونی خودا هەیە، یان دەکرێت بڵێین قورئان نەیتوانیوە مرۆڤەکان بدوێنێ؟!!

بەشێوەیەکی گشتی بانگەواز بۆ ئیسلام خۆی لە سێ قۆناغی سەرەکیدا دەبینێتەوە:

یەکەم: کێشکردن:

لێرەدا موسڵمان ئەرکی سەرشانیەتی تەنها کەسەکان بەرەو ئیسلام کێش بکات و نزیکیان بکاتەوە، ئەمەیش بەچەند هەنگاوێك دەبێت، وەك:

أ- ئاکاری تاکی بانگەوازکار: دەبێت ئاکاری تاکی بانگەواز کار





ئاکارێکی بڵند و باڵای وابێت ناحەزەکانیشی بە (الصادق الأمین) ناوی ببەن و دەوروبەرەکەی بڵێن (کان خلقه القرآن) خۆیشی پێی وابێت ئەرکی ئەو ڕێکوپێك بەجێگەیاندنی ئاکارە((لأتمّم مكارم ألأخلاق)). ئەوکات دەکەوێتەبەر ئەو سیفەتە ئاکاریەی کە پێشەواکەی محمد (ﷺ) هەیبوو ((إنك لعلى خلق عظيم))

ب-دواندنی تاکی بەرامبەر بەو ڕێگەی ئاسانە نزیکی بکاتەوە وەك پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەر کەسەو شێوەیەکی بانگەوازی بەکارهێناوە، بۆ هەندێکیان وەسفکردن، بۆ هەندێکی تر دواندن و بۆ هەندێ بەخشین و بۆ هەندێك دوعای خێر و...هتد.

ج-وا لەبەرامبەر بکەیت متمانەی بەرامبەر بە تۆ پەیدابکات و دڵی لە ڕووتدا بکاتەوە تا چی لە دڵیدایە لابچێت و شەریعەتی خودای لە شوێندا دابنێیت.

د- بزانیت کێشە سەرەکیەکانی ڕێگەی ژیانی چین، لەو کێشانەوە بۆی بڕۆیت، چونکە گەنجێ کە گیرۆدەی ئارەزووی جنسیە، پێویستی بە ڕزگاریە لەو بوارەدا تا بتوانێت گوێت بۆ بگرێت.

دوووەم: گۆشکردن:

لێرەدا بانگخوازی ئیسلامی دەبێت کەسی بەرامبەر بە بنەماکانی شەریعەت گۆشبکات کە لەمرۆدا باشترین ڕێگە بریتیە لە:

أ-گۆشکردنی بەرامبەر بە عەقیدەی ئیسلامی و واتا و تایبەتمەندیەکانی، چونکە خاڵی یەکەمی پەیامەکە ئەو هەنگاوەیە، ئەو ئیشەی عەقیدە دەیکات عەقڵ ناتوانێت بیکات،

بۆیە هەردەم عەقیدە دەبێتە ڕۆڵبینی یەکەم و هۆش پێناوێکی بەردەستی عەقیدەیە.

ب–دروستکردنی هۆشیاری و خوێندن و خوێندەواری و چوونە نێو کتێبخانەوە، بەڵام بۆ ئەمەش دەبێت هەم کلیلی کتێبخانەی پێبدەیت کە زمانە، هەم ناوادارترین کتێبە بنەڕەتیەکانی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا نیشانبدەیت، هەم ئارەزو و شەیداییەکی لەلا پەیدابکەیت کە لەنیوەی ڕێگەکەدا بێتاقەت نەبێت و وازنەهێنێت، چونکە بەڕاستی ئەمەیە خاڵی بنیادی شارستانیەت.

ج– تێگەیاندنی لە چەمکە گرنگەکانی شەریعەت و تایبەتمەندی و ئامانج و ئەنجامەکەی.

سێیەم: ئیشکردن:

دوای گۆشکردنی بەرامبەر بە بنەماکانی شەریعەت، ئەوکات تێی بگەیەنێت کە هەنگاوێکی تری چوون بەرەو خودای گەورە، بریتیە لە گوێڕایەڵی خودای گەورە لە بەشێکی تری فرمانەکانیدا کە ئەویش بانگەوازکردنە بۆ پەیامی خودای گەورە. دەبێت فێریشی بکەیت کە چ ڕێگەیەك دەگرێتەبەر، ئەو کارە چ گرنگی و سودێکی دەبێت؟ ئامانج و ئەنجامی چیە؟ بەڵام پێویستە بەرامبەر لە هەنگاوی سێیەمدا ئاگادار بێت کە ماندووبوونێکی بەچێژی دەبێت.

ئەمڕۆ بانگەوازکارانی ئیسلامی لەبەرئەوەی نەیتوانیوە پراوپڕ بەپێی هەنگاوەکانی شەریعەت بانگەواز بکەن، کارەکەیان





ئەنجامێکی سەرکەوتووی نابێت، بەڵکو با بزانین لە بانگەواز کردنماندا ﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ئەمڕۆ هەریەکە و بەپێی توانستی خۆی بانگەواز بکات تا خودای گەورە دەروی خێرمان لێبکاتەوە و بیکات بە هۆکارێك بۆ بەهێزی و وریایی موسڵمانان (بلّغوا عنی ولو بآیة).

## سیانزەهەم: باجی ڕاستی

خاڵێك هەمیشە بە خەیاڵماندا گوزەر دەکات و بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت، ئەگەر یەکەم هەڵگرانی شەریعەت کە پێغەمبەرانن لە ڕێگەی پەیامەکەیاندا باجیان دابێت و ئازاردرابن و ناڕەحەتییان چەشتبێت، بۆچی ئەمڕۆ موسڵمانان دەیانەوێت ئەو هەنگاوە وەلابنێن و بەبێ ناڕەحەتی وئازار سەرکەون؟!! ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ٢ ﴾.

خوای گەورە سەرەنجامی ڕێی بۆ موسڵمانان دیاریکردووە، یان سەرکەوتن یان شەهیدی، بەڵام هیچ کام لەم دوو بوارە بەبێ ئازارو ناڕەحەتی هەنگاو نانرێت، بەڵکو سوننەتی (ابتلاء) یەکێکە لە سوننەتەکانی ژیان و موسڵمانیش دەبێت پیایدا تێپەڕێت ﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾هەڵەیە چاوەڕێی ئەوە بین بەبێ ئازارو ناڕەحەتی بگەینە ئەنجام ﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ

﴿٢١٤﴾ بەڵكو تاقیكردنەوەی خودایی هەر دەبێت بێتە ڕێمان ﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٣﴾.

ئەمە سوننەتی پەیامی خودایی بووە بۆ هەڵگرەكانی و دەبێت تا ڕۆژی دواییش موسڵمانان ئەو هەنگاوەیان لەپێش چاو بێت.

گەنجی موسڵمان، ئەگەر دەتەوێت ببیت بەكەسێكی كارای نێو ئوممەتی ئیسلامی، ئەوا بزانە لەلای خودای گەورە مایەی ڕەزامەندیت «إذا أحب الله عبدا استعمله». بزانە هەركاتێك ئیشێكت بۆ پەیامی خودا كرد، ئەوا خودای گەورە بڕیاریداوە ئیشەكە تەواو بكەیت ئەگەر بەهای دانانی گیانیش بێت لەو پێناوەدا، چونكە بەهاو دەستكەوتێكی زۆر گرانبەهاتر لەوە وەردەگریت ((إن سلعة الله غالية)). بڕوانە بۆ ژیانی هەندێك لەو كەسانە.دیارترینیان (٩٥٠) ساڵ ماندوێتی و نەوەستانی نوح (علیه السلام) و لەتكردن و سەربڕینی یەحیا و زەكەریا (علیهما السلام)و ماندووكردنی موسا (علیه السلام) و بڕوانە بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر چۆن بەرەو ناو ئاگر بەڕێ دەكرێت، ئەیوب(علیه السلام) بە چ شێوەیەك تاقی دەكرێتەوە، عیسا (علیه السلام) لە بەرامبەریدا چی دەكرێت، پێغەمبەری ئازیزمان محمد (ﷺ) بە لێدان و قسەو دژایەتی فیكری و فرەلایەنەو هەر جۆرێك لێی دەدرێ.

هاوەڵانی بەڕێزیش بە هەمان شێوە ئەو ئازارەیان چەشتووە،





زانایان و موجاهیدان و بانگخوازانیش ئەو ڕێگەیان بڕیوەو هیچكامیان بەبێ ئەو باجدانە بەرهەمێكی وایان نەبووە.ئیدی ژیان وایە، ئەوانەی گوڵ و خەندە و كامەرانی بەدیاری بۆ مرۆڤایەتی دێنن، دەبێت دەربكرێن، چونكە ئەوان لەوە زیاتر چاوەڕێیان دەكات ﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدۡ كُذِّبَ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ جَآءُو بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُنِيرِ ١٨٤﴾ كاتێك كارەكانمان سەركەوتوو دەبن، كەهاوارو ناڵەی سەختیەكانی ڕێمان تێكەڵیان بن، كاتێكیش وشەكان زیندوو دەمێننەوە كە لە گیانی خۆمان بكەین بەبەریاندا. جوان وتراوە (وتەكانمان بە مردوویی دەمێننەوە تا لە پێناویاندا دەمرین) بەڵام لەڕاستیدا باجێك كە دەدرێت زۆر زۆر كەمترە لەچاو ئەو سەرمایەی كەلە بەرامبەردا بەدەست دەكەوێت، چەند ساتێكی ژیان لە بەرامبەر دنیای نەبڕاوەدا، تینوێتی چەند ساتێك لە بەرامبەر هەمیشە شكانی تینوێتی لە كانیاوی كەوسەردا.

ئەگەر موسڵمانێك وابزانێت بە مردنی ناوی لە پێناسەكەیدا دەسڕێتەوە، با بزانێت لە جیاتی ئەوەدا ناوی لەناو سەدان دڵدا تۆمار دەكرێت، ئەگەر ترسی هەیە سەرمایەكەی لەدەستبدات، بابزانێت ئەمە تەنها كارێكی بازرگانی بێزیانە و سەدان بەرامبەر سەرمایەی دەستدەكەوێت، ئەگەر ترسی لە خێزان و كەسانی ژێردەستی هەیە، با بزانێت بەرپرسیارێتیەكەی سەرشانی دەداتەوە دەست خوداو خودای گەورەش لەو چاكتر سەرپەرشتی دەكات، ئەگەریش ترسی لەوەیە ئامادەیی نەبێت بۆ گەڕانەوە،

دڵنیابیێت بازێکی گەورەی وای داوە کە سەدان هەنگاوی بڕیوە ئیدی نێوانی ئەو و خودا یەك هەنگاوماوە، دەی بۆچی دەیەوێت دوورتری بکاتەوە و سەرلەنوێ هەنگاو بنێتەوە، ئەویش ئەگەر بەهەڵە نەچێتەوە بۆ یەکەم هەنگاو.

پێغەمبەران و زانایانمان بە مشار لەتکراون، بە تەور لێدراون، بەشمشێر سەر بڕاون، بە ئاشکراش لە سێدارە دراون، تەنانەت لە خاچدراون، بەلاَم ئەوان دنیایەکی گەورەتریان بۆخۆیان دروستکرد، دنیایەك کە ناوبانگ و شوێنکەوتوەکانی تا ڕۆژی دوایی نابڕێنەوە.

برای ئازیز، خوشکی بەڕێز، ئەگەر دەتەوێت بەرەو بانگخوازی هەنگاو بنێیت، ئەوا دەبێت لە یەکەم هەنگاوتدا ئەم خاڵانە ڕەچاو بکەیت:

١- ماندوونەبوون: ڕێگەکە ڕێگەی پاڵدانەوە و حەسانەوە نیە، بەڵکو ڕێگەی چوونە بەرەو حەسانەوە، دەبێت تا بە حەسانەوە دەگەیت ماندوو بیت و ئارەقەی ناڕەحەتی دەربدەیت، بەلام ئەمە لەسەر حسابی مافی ئەم دنیات نا ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ﴾.

٢- بێوچانی: ئەم پەیامە بۆ ئەوە نیە کەی ویستت لێی بنەوی و کەی ویستت دەستبەرداری ببیت. پەیامێکە هەر لەسەرەتاوە پێت دەڵێت هێندە هەڵبگرە کە دەیتوانیت ﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ﴾. بەڵام وازی لیٚ مەهێنەو لەسەری بڕۆ.





٣-دڵنیابە کارەکەت ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام ئەوە نەکەیت بەمەرج کە هەر دەبێت بە چاوەکانت ئەنجامی کۆتاییەکەی ببینیت، بەڵکو لات ئاسایی بێت ئەنجامی دیاری ئیشەکەت لەدوای خۆت بێت.

٤- بزانە لە هەموو ئەم هەنگاوانەدا خاوەن ئیشەکەت لەگەڵتدایە کە خودای گەورەیە و بەڵێنی پالپشتی و پاداشتی نەبڕاوەی پێداویت، دەی ترست نەبێت ئەگەر شوێنی ئیشەکەت بەجێبهێڵی و زووتر بچیت بەرەو پاداشت وەرگرتنەکەت.

٥-ئەوانەش ڕێگەکەی تۆ ناگرنەبەر، گرفت و ناڕەحەتییان دێتەڕێ، بەڵام ئەنجامەکەیان وەك ئەنجامەکەی تۆ بەسوود نابێت.

## چواردەهەم: ئەنجامی ڕێ

با بزانین لەدوای ئەمانە دەبێت کارەکانمان چ ئەنجامێکیان هەبێت، ئایا ئەنجامی ئەو ڕێگە ئەوەندە بەهاکەی بالاَیە کە ئەم هەنگاوانەی بۆ بنێین، دەبێت بە دڵنیاییەوە ئەنجامی ڕێگەکەمان بەهاکەی زۆر لەژیان و گیانی دنیامان بالاَتر بێت. بە کورتی ئەمە ئەنجامی ڕێیە:

یەکەم: ڕزگاربوون لە تەنهایی: کاتیٚ لەگەڵ گیان و ژیان وخواستە دەروونیەکانماندا هەنگاو دەنێین، تەنها کەسی کارا لێرەدا بریتیە لە (من)، بەڵکو ئەوانیش پاش ماوەیەکی تر لێت جیادەبنەوە، بەڵام کاتیٚ ئەم ڕێگەیە دەگرینەبەر لەگەڵ خودای جیهانیاندا ئاشنایی پەیدا دەکەین، ئەویش کەسانێکی ڕێگەکەمان

پێدەناسێنێت كە باوەڕدارانن، ئەمانە دەبنە برات ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴾ برایەتیەك كە خەرجی و هەوڵی هەموو دنیا ناتوانێت دروستی بكـــات ﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾.

كاتێك براكانت بەجێتدێڵن تۆ دووبارە تەنها نیت، بەڵكو كەسێكی ترت لەگەڵدایە كە هاودەمیەكەی سنوردار ناكرێت ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾.

خـوای گـەورە لـەماڵ و بـازاڕو خۆشـی وسـەختی و ئـەودیو شیشـەكانی بەندیخانـەو لەسـەر كورسـی كامـەرانی و لـەنێو كتێبخانەكانـدا لەگەڵتدایـە، لـە كـاتی سـەرەمەرگ و لەسـەر گـۆڕو لەناو گۆڕو لە تاریكی و ڕۆشناییەكەیدا لەگەڵتدایە،(بە دوور لە بڕیاری بیری ئەشعەری، بەڵكو بە واتای ئایەتی(وهو معكم أینما كنتم) واتە ئاگادارە پێمان) لە زیندوبوونەوەو لە حەشروحیساب و سەختی و ڕۆژی دوایی و كێشانەوپێوانەدا لەگەڵتدایە، لە پەڕینەوەی صیرات و چوونە بەهەشت و كامەرانی بەهەشتیشدا لەگەڵتدایە، لە دواڕۆژیشدا شێوەی خۆی نیشاندەدات ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾.

دووەم: بەختەوەری دنیا: بەستە لە بەختەوەری دنیادا بە هۆی ئیسلامەوە ئەمانەت دەستكەوێت:

أ–كامەرانی دەروون و هەستكردن بە ئەنجامێكی خۆش، با





ماوەیەكیش لە بێزاریدا بێت.

ب–بڵندبوونەوەت لە ئاست مرۆڤە ئاساییەكاندا بەجۆرێك لە ژیانتدا بونت هەیە، لە مردنتدا ناوت هەیە، لە دوای خۆشت كاریگەریت هەیە، ئەمەش بەرەو ئەنجامێكی باشت دەبات.

ج–حەسانەوەی دەوروبەرەكەت بە هۆی ئاكاری پڕ لەخێرتەوە كە چەندینی وەك تۆ كۆمەڵگەیەكی نمونەیی پێكدەهێنن.

سێیەم: پاداشتی ڕۆژی دوایی: لەڕاستیدا ئەنجامی گەورە و كۆتایی ئەمەیە، چونكە ئامانجی سەرەكی موسڵمانان بەهەشتی بەرینە، بەهەشتێك كە ئەمانەی تێدا بەدیدەكەیت:

أ–دوورەپەرێزی تەواو لە ترس وبیم وغەم وپەژارە، هەروەك لە ژیانتدا نەتدیبێت ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾.

ب–هەموو چێژە جەستەییەكان بەدیدەكەیت ﴿ قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ لِلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿١٥﴾ ﴾.

ج–چێژە دەروونییەكان: وەك گەشتنەوەت بە كەسە خۆشەویستەكانت، دیدار لەگەڵ دایك وباوك وكەسوكاری چاكت، دیدار لەگەڵ پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە هەمووی بە چێژترو خۆشتر بینینی پەروەردگارت.

د–نەبڕانەوەی ئەو ژیانە خۆشە بۆ هەتایی ﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَـٰمِلِينَ ﴿١٣٦﴾ ﴾.دەی ئازیزان، گەنجانی ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانەی قورئان و

سوننەت شەریعەتی ژیانتانە و بەهەشت و گەشتنەوە بە خودا ئامانجتانە، هەنگاو بنێن بەڵکو لەوکەسانە بین کە خودای گەورە وەسفی کردون و لێیان ڕازیە و بەهەشتی بەرینی نەبڕاوەی بۆ داناون.

## کۆتایی

گەنجی موسڵمان، برای ئازیز، خوشکی بەڕێز: بزانە ئەم نووسینە تەنها چەند ساتێکی بەگەڕخستنی پێنوسێکی دەستە بۆ خستنەڕووی چەند سەرەداوێك بۆ تۆی موسڵمان تا بزانیت تۆ کێیت و بۆچی دەژیت و بەرنامەی ڕێگەکەت کامەیە و دەگەیتە چ سەرەنجامێك، وانەزانیت ئەمە هەمووشتێکە بۆتۆی گەنجی موسڵمان، بەڵکو دیاریەکە بۆ تۆی گەنجی موسڵمان نەك هەموو شتێك، نەخێر ئامانج لەم نوسینە دەوڵەمەندکردنی ڕێبازی ڕێ نیە، تەنهاو تەنها نیشاندانی مەشخەڵێکە تا بتوانی بچیت بەرەو ڕێبازەکە و لەوێوە دەست بە هەنگاونان بکەیت. لەوەش دڵنیابە ڕێبازەکەی تۆ کە ڕێبازی ئیسلامە هێندە گشتگیر و تەواوە کە بۆ هیچ شتێك دەستەوسان نابیت، ئیدی جگە لە کەمفامی و نەزانی هیچی تر وامان لێناکات کە لە دەرەوەی قورئان و سوننەت بۆ هەر شتێکی دی بگەڕێین، موسڵمانانیش سەرچاوەی پەیامەکە نین، بەڵکو چەند شانۆگەرێکەکی کاتی سنورداری ئەو بەرنامەن، ئەگەر ئەمڕۆ لاوازن نیشانەی کەمی پەیامەکەیان نییە، بەڵکو نیشانەی دەستبەرداربوونیانە لە شەریعەتەکە، موسڵمانانیش تەنها





ئیسلامیان هەیەو تەنها بە ئیسلام شارستانیەتیان بنیادناو تەنها بە ئیسلامیش دەبێت سەرلەنوێ لێبنەونەوە، ئەوانیش شیاوترین کەسانن بەو شەریعەتە، چونکە لەیەکەم هەنگاوەوە بانگەشەی بۆ دەکەن، جا هەر موسڵمانێك بەرپرسیارە لە سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی.

داوام لەهەر خوێنەرێکی ئەم بابەتەیە، تەنها ئەگەر لەبەر ماندووبوونیش بێت بەنوسینی ئەم بابەتەوە یان لەبەر ئامانجی نوسینی ئەم بابەتە، پڕبەدڵ نزا بۆ نوسەرەکەی بکات تا خوای گەورە لێی ڕازی بێت و ڕێنموونی بکات تا زیاتر بەرەو بەندایەتی ئەو بچێت.

اللهم صلّ على محمد و على آل محمد كما صليت على
إبراهيم وعلى آل إبراهيم و بارك على محمد و على آل محمد
كما باركت على إبراهيم و على آل إبراهيم إنك حميد مجيد.